# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

ژمارە ٦٣٦، شەممە، ١٥ی خەرمانانی ١٣٩٣، ٦ی سێپتامبری ٢٠١٤، ٥٠٠تمەن


www.kurdistanmedia.com


**شاندێکی "هاک پار" و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاوپێکەوتنیان کرد**

**لە هەولێر شاندێکی BDP سەردانی دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کرد**

**لە بلژیک نوێنەری حیزبی دێموکرات سەردانی پارلمانی هەرێمی فلاندرێنی کرد**

لاپەڕە ٢




وتووێژی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی ... ٤





وتووێژی بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی ... ٥





ڕووحانی لە قەیراندا ٩





پێنج پرسیاری بنەڕەتی لەبارەی شەڕ دژی داعشەوە ١٠


## پەیڤ

### سەلام ئیسماعیل پوور

کارەساتە مرۆییەکان و شەڕەکان سەرەڕای هەموو کاریگەرییە خراپەکانیان لەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ژینگە، فەرهەنگ و بیرگەی مێژوویی گەلان، هێندێك جار دەتوانن بەستێنی گەشە و دەرکەوتنی بەهاکانی وەك مرۆڤدۆستی، هەستی هاوپێوەندی، گیانی فیداکاری و ئازایەتی بن.

ڕق و ترسی مرۆڤەکان لە ئاکامەکانی شکست لەو شەڕانەدا کە تووشیان دەبن، زۆرجار بۆتە هۆکارێك بۆ یەکگرتوویی تاکەکانی نەتەوە و هەوڵدانیان لە پێناوی گەشە و پێشکەوتندا.

گەلی کورد هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو گەلانەدا بووە کە مێژووی خوێناویی خەباتی ڕزگاریخوازانەی لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا دەربڕی ئەوەیە کە ئەم گەلە ئازا، بوێر و لەخۆبردووە سەرەڕای درندایەتی، شەڕخوازی و کاولکاریی دوژمنانی، هەمیشە لە هەڵسوکەوتیدا بەرانبەر بە نەتەوەکانی دەورووبەری هەوڵی داوە خۆ لە پەنا بردن بۆ شەڕ و توندوتیژی ببوێرێت و شەڕی نەك وەکوو ئامرازێك بۆ زاڵبوون بە سەر گەلانی دیکە و سڕینەوەیان، بەڵکوو وەکوو دوایین ڕێگەچارە بۆ مانەوە و ئازادیی خۆی لە قەڵەم داوە. هەر بۆیە بەرزترین بەها مرۆییەکان لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و هەڵسوکەوتی خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادیی کوردستان و تاکەکانی ئەم نیشتمانەدا بەرانبەر بە یەکتر و ژینگەی دەوروبەر و تەنانەت بەرانبەر بە دوژمنانی دڵڕەق و بێبەزەیی گەلی کورد ڕەنگیان داوەتەوە.

کوردستان لەم ڕۆژانەشدا هەروەك مێژووی دووروودرێژی خۆی، لەگەڵ شەڕێکی سەرانسەری بەرانبەر بە دوژمنانێکی بەدڕەوشت دەستەویەخەیە کە چاویان بە دیتنی شارستانییەت و مرۆڤتەوەریی ئەم گەلە هەڵ نایەت و بە مەبەستی برینی ڕیشەکانی ئەم سەنەوبەرە پیرەی مێژووی مرۆڤایەتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەوری نەزانی و ڕق و قینیان لە تاریکستانی زەینی ئیدئۆلۆژیك و وەهمێڵدراوی خۆیان دەرهێناوە و هاودڵ و هاوشان لەگەڵ ڕێژیمە سەرەڕۆکانی وەك ڕێژیمی تاران، کوردستانیبوونی شارستانییەتی کورد و ڕابوونی مەزنی ئەم گەلەیان کردۆتە ئامانج.

ئەوەی بە سەر شنگال و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی بەرکەوتووی شاڵاوی تەکفیرییەکانی دەوڵەتی ئیسلامیدا هات، چەقینی نەشتەرێك لە قووڵایی ویژدانی مرۆڤەکان بوو کە چاوی دنیای بە ڕووی هەڕەشەی لەنێوچوونی کیانێکی مرۆیی مۆدێڕن لە بەرانبەر هۆڤانییەتی ئایدۆلۆژییەکی ڕەشی بەناو پیرۆزدا کردەوە و چەخماخەی لە خەرمانی وەهمەکانی نەیارانی نەتەوەی کورد دا. لەم نێوانەدا ڕەنگە ئەوەی کە بۆ دوژمنانی ڕق لە دڵی وەك ڕێژیمی تاران زیاتر لە پشتیوانییەکانی کۆمەڵگای جیهانی بۆ هەرێمی کوردستان ئازاردەر بووبێت، شکۆی یەکگرتوویی گەلی

لاپەڕە ٢



# کسینجێر داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناڤیین بە مەترسیدار دەزانێ

هێنری کسینجێر، وەزیری پێشووی ئەمریکا بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناڤیینی زۆر بە مەترسیدار زانیوە. بە پێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی ئینگلیسی گاردیەن، کسینجێر کە وەك یەکێ لە سەرەکیترین تیۆریسیەنەکانی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا لە دەیەی ٥٠ی زایینیدا لە قەڵەم دەدرێت، بارودۆخێکی نالەباری بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤیین پێشبینی کردووە.

ڕۆژنامەی گاردیەن بە پێی وتارێکی کسینجێر کە بۆ ڕۆژنامەی ساندی تایمز نووسیویەتی، هێناویەتی کە ڕۆژهەڵاتی ناڤیین لە بەردەم مەترسییەك گەورەتر لە شەڕە ئایینییەکانی ئۆرووپادایە.

وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا لەم وتارەدا نووسیویەتی: " ڕۆژهەڵاتی ناڤیین بە شەڕگەلێ هاوشێوەی شەڕە ئایینییەکان لە ئۆرووپادا بەرەوڕوویە، بەڵام پانتای ئەم شەڕانە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤییندا زۆر بەربڵاوتر دەبێت."

ئەم وتارە کە بە ناوی " شەڕێك لە سەرووی شەڕە دینییەکانی ئۆرووپا" بڵاو بوەتەوە، لە هەندێ بەشی کتێبی "تەکووزمەندیی جیهانیی" بەرهەمی هێنری کسینجێر وەرگیراوە کە لەوێدا بارودۆخی جیهان لە سێبەری وەرچەرخانەکان و گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیین ڕاڤە و شرۆڤە کراوە.

لە ڕوانگەی ناوبراوەوە ئەگەر وەرچەرخانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیین ببێتە هۆکاری ڕووخانی وڵاتانی بەشداربوو لە شەڕدا ئەوکاتە ڕۆژهەڵاتی ناڤیین دەبێتە ناوچەیەك بۆ باشاری هێزە ناوچەییەکان.

ناوبراو جەخت دەکاتەوە کە چەرخی تیرۆریسم و خۆکوژەکاندا و لە سەردەمی پەرەسەندنی چەکە کۆمەڵکوژەکان دەبێت ململانێ ئایینییەکان و ناوچەییەکان وەك مەترسییەکی جیهانی پێناسە بکرێن، چونکوو ئەم مەترسیانە دەبنە هۆی ئەوەیکە ناوچەگەلێکی بەرفراوان لەگەڵ تەنگەژە و توندوتیژییدا بەرەوڕوو ببنەوە. لە وەها هەلومەرجێکدا توندئاژۆیی وەك ئاگرێك دەدا لە ئاخوڕ و پەرە دەستێنێ.

## پێشێلکارانی گەمارۆکانی سەر ئێران سزا دران

وەزارەتی خەزێنەداریی ئەمریکا لە درێژەی ڕاگەیەنراوێکدا گەمارۆی چەندین کۆمپانیا، بانك و شارۆمەندی ئێرانی ئاشکرا کرد.

ئەم کەس و کۆمپانیانە بە هۆی هەوڵدان بۆ پێشێل کردنی گەمارۆ ئابوورییەکانی کۆمەڵگای جیهانی دژی کۆماری ئیسلامی کەوتوونەتە بەرگەمارۆ.

ڕۆژی هەینی، حەوتەمی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، وەزارەتی خزێنەداریی ئەمریکا لە ڕاگەیەنراوێکدا، گەمارۆی ٢٥ کەس و کۆمپانیای ئێرانی ڕاگەیاند.

هەر لەم پێوەندییەدا، "کۆمێرتز بانك"ی ئاڵمانییش کە لە لایەن ئەمریکاوە تۆمەتبار کرابوو بە پێشێل کردنی گەمارۆکانی سەر ئێران، بە دانی ٦٥٠ میلیۆن دۆلار غەرامە مەحکووم کرا.

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵنێریی ڕۆیتێرز، یارمەتی دانی ڕێژیمی ئێران بۆ دەورلێدانەوەی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا کە دژی ئەم ڕێژیمە پەسەند کراون، کۆمێرتز بانکی لەگەڵ غەرامەیەکی قورس بەرەوڕوو کردەوە.

ئەم بانکە ئاڵمانییە لە لایەن ئەمریکاوە بە تۆمەتی یارمەتیدانی ئێران بۆ ئاڵوگۆڕە بازرگانی و داراییەکانی بۆ هێڵەکانی کەشتیرانی ڕێژیمی ئێران، بە دانی ٦٥٠ میلیۆن دۆلار غەرامەی نەختی مەحکووم کراوە.

بەرپرسانی کۆمێرتز بانك، ڕایانگەیاندووە کە بە مەبەستی پێشگیری لە درێژەکێشانی لێکۆڵینەوەکانی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ پێشێل کردنی گەمارۆکانی سەر ئێران، ئەو غەرامەیە دەدەنێ کە بۆیان دیاری کراوە.

لە کاتی بەڕێوەبردنی گەمارۆکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دژی ڕێژیمی ئیران، ژمارەیەکی زۆر لە کەسەکان یان کۆمپانیا و دامەزراوەگەلێ کە لە پێناوی یارمەتیدان بە ڕێژیمی ئێران، لە هەوڵی دەورلێدانەوەی گەمارۆکاندا بوون، لە لایەن ئەمریکاوە دەسنیشان کراون.

لە ٥ ساڵی ڕابردوودا ئەم کەس یان دامەزراوانە زیاد کراون بە لیستەی گەمارۆکانی ئەمریکا. هەندێك لەوانەش بە پێی یاسا نێونەتەوەییەکان سزا دراون کە یەکێ لەم سزایانە، دانی غەرامەی نەختییە.




## "دەوڵەتی ئیسلامی" جیهانی کردووەتە دژی خۆی




باراك ئۆباما، سەرکۆماری ئەمریکا، داوای پێکهاتنی بەرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاریی لەگەڵ هەڕەشەکانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) کرد.

بە پێی ڕاپۆرتی دوێچەوێلە، سەرکۆماری ئامریکا لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە ئەستۆنی وتی بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ جیهادگەرا توندڕەوەکان پێویستە کە بەرەیەکی نێودەوڵەتی پێك بێت تاکوو نە تەنیا لە ڕێگەی هێرشە ئاسمانییەکانەوە بەڵکوو لە زەوییشەوە تیرۆریستەکان تێك بشکێنین. ئەو وتی کە دوورخستنەوەی تیرۆریستەکانی "دەوڵەتی ئیسلامی" لە خاکی عێراق ماوەیەك دەخایەنێت.

ئۆباما ڕوونی کردەوە کە بەم نزیکانە جان کێری، وەزیری دەرەوە و چاك هێگێل، وەزیری بەرگری ویلاتە یەکگرتووەکان بۆ وتوویژ لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و هاوئاهەنگ کردنی خەبات لە دژی چەکدارانی "دەوڵەتی ئیسلامی" سەفەرێك دەکەن بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤیین.

لە واشینگتۆن ڕاگەیەنراوە کە بەم نزیکانە ئۆباما لەگەڵ هاوپەیمانە ئۆرووپاییەکانی ئەندامی ناتۆ چاوپێکەوتن دەکا تاکوو لەمەڕ ئیستراتیژی هاوبەش لە بەرامبەر ئەم گرووپە تیرۆریستییە لەگەڵیاندا ڕاوێژ بکا.

هەر لەم پێوەندییەدا جۆ بایدەن ڕاوێژکاری سەرکۆمار بەڵێنی دا کە ئەمریکا بە زووترین کات "دەوڵەتی ئیسلامی" دەنێرێتە " دەروازەکانی جەهەنەم".

فرانسوا ئۆلاناند سەرکۆماری فەرانسەیش جەختی لە سەر پێویستیی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێرشی تیرۆریستەکانی "دەوڵەتی ئیسلامی" کردووەتەوە. ناوبراو وتوویەتی کە ئەگەر پێویست بکات دەبێ بە شێوازی سەربازی و بە لەبەرچاوگرتنی یاسا نێونەتەوەییەکان، لەگەڵ تیرۆریستەکان بەرەنگار ببینەوە.

فیلیپ هێمۆند، وەزیری دەرەوەی ئۆسترالیایش لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند کە دەوڵەتەکەی بە هەموو توانایەوە لە بەرخودانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر ئەم گرووپە تیرۆریستییە پشتیوانی دەکا.

یەکیەتیی ئۆرووپا ڕۆژی چوارشەممە (٣ی سێپتامبر) لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لە بروکسێل بڵاوکرایەوە، وتی کە "زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە" سوورین لە سەر بەربەرەکانێ لەگەڵ تیرۆریستەکانی "دەوڵەتی ئیسلامی".

کوردستان

## له بلژیک نوێنەری حیزبی دێموکرات سەردانی پارلمانی هەرێمی فلاندرێنی کرد



ڕێکەوتی ٦ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی "جەمیل فەتحی" نوێنەری حیزب لە وڵاتی بلژیك، سەردانی پارلمانی هەرێمی فلاندرێنیان کرد و لەگەڵ چەند ئەندامێکی سەر بە فراکسیۆنی گەورەترین حیزبی هەرێمی فلاندرێن واتە "یەکیەتیی نوێی فلامان" دیداری پێکهێنا. کورتەیەك لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دێموکراتیزە کردنی ئێران وەکوو ئامانجی ئێستای خەبات و بە دەستهێنانی مافی ڕەوای نەتەوەی کورد لە ئێرانێکی فیدراڵدا، دۆزینەوەی ڕێگا چارەی ئاشتییانەی چارەسەریی پرسی کورد، ریفۆرم هەڵگرنەبوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، سەرکۆماریی حەسەن ڕوحانی و وادە و بەڵێنییەکانی و داعش وەکوو هەڕەشەیەکی تیرۆریستی بۆ سەر هەموو ناوچەکە و بەتایبەت کوردستان، کۆمەڵە بابەتێك بوون کە لە لایەن نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وروژێنران و باسیان لە سەر کرا. نوێنەری حیزب داوای کرد کە حکوومەتی بلژیك لە پارلمانی ئورووپا و کۆڕ و کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکاندا پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و لە سێدارەدانی لاوانی کورد، بخاتە بەر باس. دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە وڵاتانی دیکەی ناوچە و جیهان، ڕەوانەکردنی تیرۆریزم بۆ ئەو وڵاتانە، پشتیوانی و پڕچەك کردنی هێزە تیرۆریستییەکانی وەکوو ئەنسارولئیسلام و جیهادییە سەلەفییەکان، لەو دیدارەدا لە سەریان باس و ئاڵوگۆڕی بیرورا کرا.

## شاندێکی "هاک پار" و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاوپێکەوتنیان کرد



ڕێکەوتی ١٤ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندێکی هاك پار بە سەرپەرستی بایرام بوزئیل سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لەلایەن شاندی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستی محەممەد نەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە، پێشوازیی لێکرا. لەو دانیشتنەدا "بایرام بوزئیل" وتی: "ئێمە بۆ بە سەر کردنەوەی ئاوارەکانی شنگال سەفەری باشووری کوردستانمان لە شاری دهۆك و دەوروبەری هەولێر کردووە و لەگەڵ چەند لایەنی مرۆڤدۆست و ڕێکخراوی یارمەتیدەر لە بواری کاروباری مرۆڤایەتیدا پێوەندیمان گرتووە کە بە هانای ئاوارەکانەوە بێن. بایرام بوزئیل لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بە پرۆسەی ئاشتی لە باکووری کوردستان و ئاستنگەکانی سەر ڕێگای ئەو پرۆسەیە و هەوڵەکانی خۆیان بۆ وەدیهێنانی ماف و داخوازییەکانی کورد لە باکووری کوردستان کرد.

دواتر بەڕێز"محەممەدنەزیف قادری"، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات خۆشحاڵی حیزبی دێموکراتی لەمەڕ سەردانی "هاك پار" دەربڕی و لەسەر ئەو باس و بابەتانەی کە هەیئەتی هاك پار باسیان لێوە کرد، ڕاوبۆچوونی حیزبی دێموکراتی باس کرد و لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حەشیمەتی کورد لە ئێران و پێکهاتەکانی، ڕوونکردنەوەیان دا. لە بەشی کۆتایی ئەو چاوپێکەوتنەدا بەشدارانی کۆبوونەوەکە سەرنج و تێبینیەکانی خۆیانیان باس کرد.

## له بلژیک نوێنەری حیزبی دێموکرات و ئەندام پارلمانێکی ئورووپا چاوپێکەوتنیان کرد

ڕێکەوتی ١١ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی، جەمیل فەتحی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی بلژیك و "بارت ستاس" ئەندام پارلمانی ئورووپا چاوپێکەتنیان کرد. جەمیل فەتحی لەسەرەتای قسەکانیدا زەرووەرەتی دامەزرانی مێژوویی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران کە بووە هۆی دامەزراندنی "کۆماری کوردستان"ی خستە بەر باس. لە بەسێکی دیکەی دیدارەکەدا نوێنەری حیزب باسی لە هۆکارەکانی هاتنەسەرکاری حەسەن رۆحانی سەرکۆماری ڕێژیم کرد. لە درێژەدا خاتوو مۆنیك سمیتس هاوکاری بەشی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات ڕاپۆرتێکی لە سەرکوژرانی کۆڵبەرانی کورد لە سنوورەکان، ئیعدام و زیندانی کردنی لاوانی کورد، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و پشتیوانیی ڕێژیمی ئێران لە گرووپە توندئاژۆ مەزهەبییەکان لە کوردستان، پێشکەش بە ئەندامی پارلمانی ئورووپا کرد. "بارت ستاس" نوێنەری سەوزەکان لە پارلمانی وڵاتی بلژیك و ئەندامی پارلمانی ئورووپا خۆشحالی خۆی لە مەڕ ئەو چاوپێکەوتنە دەربڕی و هەروەها هیوای خواست کە لە داهاتوودا لە سەر دانیشتنەکان بەردەوام بن و لە سەر گونجاندنی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکانی نوێنەری حیزبی دێموکرات لە بەرنامەی کاری داهاتووی خۆیدا پێداگری کرد.

## له هەولێر شاندێکی BDP سەردانی دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کرد



ڕێکەوتی ٨ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندێکی پێوەندییەکانی BDP پێکهاتوو لە بەڕێزان خاتوو شیلان و جەمال جۆشکۆن سەردانی دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە هەولیر کرد. شاندی پارتی ئاشتی و دێموکراسی لە لایەن بەڕێز محەممەد ساڵح قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی دەفتەری پێوەندییەکانی حیزب لە هەولێر، پێشوازیی لێکرا. لە سەرەتای ئەم چاوپێکەوتنە دا، شاندی پێوەندییەکانی BDP، وێڕای دەربڕینی هیوای سەرکەوتنی حیزبی دێموکرات لە خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، باسی هەلومەرجی ئێستای ناوچەکە و هاتنە ئارای دەرفەتی نوێ بۆ کورد لەو قۆناغەدا کرد. هەروەها ئەو شاندە لە درێژەدا وەلانانی کێشەی لایەنە سیاسییەکان و پاراستنی گەلی کوردیان بە پێویست زانی. شاندی پێوەندییەکانی BDP لە درێژەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بۆ بەشداری لە "حەوتەمین کۆنگرەی جڤاکا دێموکراتیك" بە فەرمی بانگهێشت کرد، کە بڕیارە لە دیاربکر بەڕێوە بچێت. دواتر بەڕێز محەممەد ساڵح قادری، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی لە سەردانی شاندی BDP، گۆڕینەوەی بیروڕا لەو هەلومەرجەدا و کارکردن لە سەر بنەمای هاوبەش بە پێویستییەکی هەنووکەیی بۆ لایەنە کوردییەکان زانی و هەڕەشەی داعش و پیلانە ناوچەییەکان دژ بە گەلی کورد و بە تایبەت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دەستێوەردانی لە ناوچەدا بە مەترسی بۆ سەر ئاسایش و سەروەری هەرێمی کوردستان و جووڵانەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا وەسف کرد. لە کۆتاییدا شاندی هەر دوو لایەن لەسەر یەك هەڵوێست بوونی هێز و لایەنە کورستانییەکانیان پێداگرییان کردەوە.

## له شاری تڕۆندهایم، بەمەبەستی مەحکووم کردنی هێرشەکانی داعش بۆ سەر کوردستان خۆپیشاندان ساز کرا

ڕێکەوتی ١٠ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی بە مەبەستی مەحکووم کردنی هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و پشتیوانی لە پاراستن و بەرگریکردن لە کەرامەتی نەتەوەیی و کیانی سیاسی کورد لە باشووری کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان، کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە بەشداریی کۆمەڵێك چالاکڤانانی نۆرویژی و دۆستانی کورد لەو وڵاتە، لە ژێر دروشمی "نا بۆ داعشییەکان و بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان" خۆپیشاندانیان ساز کرد. ئەم خۆپیشاندانە بە خوێندنی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و بەتایبەتی قوربانییانی کارەساتی شنگال و کوبانی دەستی پێکرد. پاشان خۆپێشاندەران بە وتنەوەی دروشم بە "دژی داعش" و هەروەها "پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان" ڕێپێوانیان ئەنجام دا. لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو خۆپیشاندانەدا، نوێنەری حەوت پارتی سەرەکی نۆرویژ، چەندین باس و بابەتیان پێشکەش بە ئامادەبوان کرد و بە پێداگریی لەسەر "ئێمە کوردستان بە تەنیا جێ ناهێڵین"، جەختیان لە سەر هاوکاری و پشتیوانی دەوڵەتی نۆرویژ لە حکوومەتی هەرێم و خەڵکی کوردستان کرد. ئەم خۆپێشاندانە بە خوێندنی چەندین سروودی نیشتمانی و شۆڕشگێڕانە کۆتایی پێهات.



## له دانمارک شاندێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات بەشداری لە کۆبوونەوەی حیزبی Enhedslist ی کرد



ڕێکەوتی ١٠ی خەرمانی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، لە سەر بانگهێشتی فەرمی حیزبی Enhedslist ی وڵاتی دانمارك، شاندێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو وڵاتە لەکۆبوونەوەیەکی ئەو حیزبە کە لە پارلمانی دانمارك بەڕێوەچوو، بەشداریی کرد. نیکۆلای پی وی پارلەمانتاری حیزبی Enhedslist، لەو کۆبوونەوەیەدا لە سەر پرسی تیرۆر و تیرۆریزم چەند بابەتێکی پێشکەش کرد. هەروەها چەند بابەتی دیکەی وەك، یەکگرتنی حیزبە کوردییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، پرسی گرووپی تیرۆریستی داعش و سرینەوەی ناوی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە (PKK) لە لیستی تیرۆر بەشێکی دیکە لە قسەکانی ئەو ئەندام پارلمانەی دانمارکی پێك هێنابوو.نیکۆلای پی وی لە درێژەی قسەکانیدا، پشتیوانی خۆی لە داخوازیەکانی گەلی کوردی دەربڕێ. کۆبوونەوەکە پاش یەك کاتژمێر کۆتایی پێهات.

## نوێنەری پارتی سوسیال دێموکراتی سوێد، سەردانی ناوەندی یەکیەتیی کوردان لە ڤێسترۆسی کرد

"ئاندێش تێلیەبەك" نوێنەری پارتی سوسیال دێموکراتی سوێد لە شاری ڤێسترۆس سەردانی دەفتەری یەکیەتیی کوردانی لەو شارە کرد و لەلایەن شاندێك بە سەرپەرستیی فەخرەدین فەسێح بەرپرسی کۆمیتەی یەکیەتیی کوردان لە ڤێسترۆس پێشوازیی لێ کرا. لە سەرەتای دانیشتنەکە دا نوێنەری پارتی سوسیال دێموکرات باسی لە پلان و بەرنامەی پارتەکەی بۆ گەشەپێدانی شاری ڤێسترۆس کرد و لەم پێوەندییەشدا داوای لە ناوەندی یەکیەتیی کوردانی ڤێسترۆس کرد پێشنیارەکانی خۆیان بۆ پێشکەوتن و گەشەسەندنی هەرچی زیاتری ڤێسترۆس بخەنەڕوو. لەو دیدارەدا پرسی هەڵبژاردنەکانی پارلمان، پارێزگار و شارەوانییەکانی سوێد باسی لە سەر کرا و داوا لە ناوەندی یەکیەتیی کوردان کرا ڕەوەندی کوردی لە ڤێسترۆس و دەوروبەری هان بدات بۆ بەشداریی چالاکانەیان لە هەڵبژاردنەکاندا.لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باس لە مەسەلەی داعش و هێرشەکانی ئەم ڕێکخراوە تێرۆریستییە بۆسەر ناوچەکانی کوردستان و ڕەوشی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستاندا کرا، لەو پێوەندییەدا "ئاندێش تێلیەبەك" پشتگیری تەواوی پارتەکەی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان دەربڕی.

## پاشماوەی سەروتار

کورد و بە تایبەتی پشتیوانیی بێدرێغ و شوێندانەری خەڵك و حیزبە ڕەسەن و خەباتکارەکانی کوردستانی ئێران لە کیان و دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بوو کە بۆ جارێکی دیکە مێژووی شکۆدار و پڕشانازیی پشتیوانیی بێچاوەڕوانیی خەڵك و حیزبەکانی کوردستانی ئێرانی لە خەڵك و بزووتنەوە ڕەواکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و گیانبازییەکانی ئەوانی لەم پێناوەدا وەبیری هەمووان هێنایەوە.

کوردستانی ستەملێکراو بەڵام خۆڕاگری ڕۆژهەڵات کە شانازی بەربەرەکانێیەکی ئازایانە، لەمێژینە و دوژمنشکێن لەگەڵ دڕندەترین دوژمنی مێژووی نەتەوەی کوردی بۆ خۆی تۆمار کردووە، هەرگیز ئەوەی لە بیر نەکردووە کە دەکرێ لە ئازادی بێبەش بیت، بەڵام لە پێناوی ئازادیی کەسانی دیکەدا فیداکاری بکەی و ئەوە شانازییەکە ڕەنگە هەموو نەتەوەیەك پێی نەگەیشتبێت.

کۆماری ئیسلامیش زۆر باش دەزانێ کە لە نێوان پاڵپشتیی بەربڵاوی مادی و مرۆیی خەڵکی دەسکورتی کوردستانی ئێران لە خەڵکی بەڵالێدراوی شنگال و خرۆشی قارەمانانەی پێشمەرگەکانی حیزبەکانی وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شەڕی بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرە تێرۆریزم و داگیرکارییەکدا، چ پێوەندییەکی مەعنەویی قووڵ هەیە. هەربۆیە لە لایەکەوە ئامادەبوونی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە شەڕی داعشدا بۆتە چقڵی چاوی ڕێژیم و لە لایەکی دیکەوە، سەرەتا بە بانگکردن و هەڕەشە و گوشار بۆ سەر چالاکانی کەمپەینەکانی کۆکردنەوەی یارمەتیی مرۆیی هەوڵی دەدا پێش بە سەرکەوتنی ئەم حەماسەیە بگرێت و دواتر بە ناردنی بەکرێگیراوانی خۆی لەگەڵ کاروانی یارمەتییە مرۆییەکانی خەڵك بۆ هەرێمی کوردستان، هەوڵی دەدا ئیرادەی هاوچارەنووسیی نەتەوەی کورد لە دوو دیوی سنوور بشارێتەوە و ئەم حەماسەیە بە ناوی خۆیەوە تەواو بکات، بەڵام ئەوەی لە بیر کردووە کە لە سەدەی ڕابوونی نەتەوە ژێردەستەکاندا خەڵکی کوردستانی باشوور باشتر لە هەر کەسێك کە نایهەوێ لە ڕاستییەکان تێ بگات، دەنگی لێدانی دڵی کوردستانێکی دیکە لەو دیوی دیوارەکانی سنوورەوە دەبیستن.

## سێ هاووڵاتی کورد لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە دەستبەسەر کران

بەپێی ڕاپۆرتی هێرانا، دوو هاووڵاتی کوردی خەڵکی مەهاباد بە ناوەکانی "زانیار سامانپوور" و "کامران قورەیشی" لە بەردەم زانکۆی ئەو شارەدا لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە دەسبەسەر کران. هێزە لیباس شەخسییەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران پاش دەستبەسەر کردنی ئەو دوو هاووڵاتییە،ماڵی ئەو دوو هاووڵاتییە کوردەیان پشکنیوە و دەستییان بە سەر کەلوپەلە شەخسییەکانیان وەك کۆمپیوتر و فایلی دەنگی و گرتەی ڤیدیۆیی و کامێرادا گرتووە. هەر وەها هەمان سەرچاوە بڵاوی کردووەتەوە، هاووڵاتییەکی کوردی دیکەش بە ناوی "کەریم قورەیشی" لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئێسلامیی ئێرانەوە لە پارێزگای سنە بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعات کراوە.

## لە بۆکان، وەرزشوانێک بە ١ ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، ڕێکەوتی ٥ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی، فاتێح خوسرەوی، تەمەن ٣١ ساڵ، کوڕی محەمەد و ئەندامی تیمی والیباڵی شاری بۆکان و وێنەگەر، لەلایەن دادگای شۆڕشی مەهابادەوە بە دادوەریی جەوادی کیا حوکمی ١ ساڵ زیندانی تەعزیری بۆ بڕایەوە. ئەو وەرزشوانە کوردە، لەلایەن ئیتلاعاتی بۆکانەوە تۆمەتی "تەبلیغ بە دژی نیزام" و "لایەنگری لە یەکێك لەحیزبە کوردییەکان"ی دراوەتە پاڵ. فاتێح خوسرەوی کە بەبێ پارێزەر دادگایی کراوە و ئەو حوکمەی بەسەردا سەپێندراوە، هەتا ئێستا لە گرتنگەی ئیتلاعاتی مەهاباد ڕاگیراوە ڕەوانەی زیندانی گشتیی نەکراوە.

## لە بۆکان، ئەندامێکی سپای پاسدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کوژرا

ڕێکەوتی ٧ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی، ئەندامێکی سپای پاسدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەناوی هاشم زەینالی، لە لایەن کەسانێکی نەناسراوەوە بە فیشك کوژراوە. هاشم زەینالی یەکێك لە دەست و پێوەندییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی بۆکان بوو کە لە ئازار و ئەزیەتی خەڵك و بنەماڵەی چالاکانی سیاسیی ناوچەکەیدا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە و لە ئەنجامیشدا هەر لە لایەن خەڵکەوە بە سزای تاوانەکانی خۆی گەیشت.

## لە بۆکان فێستیڤاڵی "ژەنینی نەرمە نای" بەڕێوە چوو

ڕێوڕەسمی کرانەوەی ئەم فێستیڤاڵە بە گۆرانیبێژیی هونەرمەندانی کورد بە ژەنینی دووئامێریی "دەهۆل و زوڕنا"، "زەرب و دووزەلە"، "زەرب و نەرمە نای"، لە لایەن هونەرمەندانی شارەکانی مەهاباد، نەغەدە، سنە، ئیلام و خوراسانی باکوور، بەڕێوە چوو. لە یەکەم بەشی ئەو فێستیڤاڵەدا کە تایبەت بە ئامێرەکانی ژەنین وەکوو نەرمە نای، دووزەلە و زووڕنا بوو، لاوانی هونەرمەندی سەرووی تەمەن ٢٣ ساڵ لە شارەکانی بانە، بۆکان، سنە، سەردەشت و سەقزەوە بەشدارییان لە کێبڕکێی ئەو فێستیڤاڵەدا کرد. لە درێژەی فێستیڤاڵەکەدا و کێبڕکێی تەمەن ژێر ٢٣ ساڵ، بۆ یەکەمین جار "نەشمیل عالەمی" خەڵکی سقز، "پگا کشاوەرز" خەڵکی سنە و "موژگان سەعیدی" خەڵکی نەغەدە و "زیلان رەحیمی" لە شاری بۆکانەوە بە ناوی بەشدار بووانی ژن لە بەشی کێبڕکێی "نای ژەنین"، بەشدارییان کرد. لە درێژەی فێستیڤاڵەکەدا، هونەرمەندە پێشکسوەتەکانی کامیاران، شیروان، سەقز، مەهاباد، سنە، بجنوورد، شنۆ و کرماشان بە ژەنینی دوو ئامێریی "زەرب و نەرمەنای"، "دایرە و دووزەلە"، "تەك ژەنینی دیوان" و دوو ئامێری ژەنینی "زوڕنا ودەهۆل "بەشدارییان کرد. بەشی کۆتایی ئەو فێستیڤاڵە بۆ خوێندنەوەی پەیامی"عەلی ئەکبر مورادی" هونەرمەندی کرماشانی تەرخان کرابوو.

## لە ورمێ شیرینی فروشێک بەهۆی نەخشاندنی ئاڵای کوردستان لەسەر کیکێک دەسبەسەر کرا

ماڵپەڕی هرانا بڵاوی کردەوە، سەڵام ئەحمەدی خاوەنی شیرینی فروشیی "لاوان" بەهۆی نەگۆڕینی ناوی دووکانەکەی لە زمانی کوردییەوە بۆسەر فارسی و هەروەها نەخشاندنی وێنەی ئاڵای کوردستان لەسەر کیکێك دەسبەسەر کرا. هێزەکانی ڕێژیم لەو هێرشەدا بۆ سەر دووکانی ئەو هاووڵاتییە کوردە، کامپیۆتێری دووکانەکەشیان پشکنیوە و دوابەدوای پشکنینی کۆمپیوتێری دووکانەکەی، بە تۆمەتی دروست کردنی کیکێك بە ئاڵای کوردستانەوە دەسبەسەر و پاشان ڕەوانەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە ورمێ کراوە. ئەو هاووڵاتییە کوردە پاش چەند ڕۆژ ڕاگرتن لە ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم، ڕەوانەی زیندانی ورمێ کراوە.

## ماموستای گوندێکی سەربە شاری بانە، مافی پێشنوێژی و وتارخوێنیی لێ سەندراویەوە

مامۆستا مەلا ساحیب غەریبی پێشنوێژی پێشووی مزگەوتی گوندی نێ و پێشنوێژی گوندی "قایبەرد"ی شاری بانە، بەهۆی ملکەچ نەبوونی بە بانگەشەکردن بۆ سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە مینبەری مزگەوتەوە و گوشاری هێزە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران مافی پێشنوێژی و وتارخوێنیی لێ سەندراویەوە. مەلا ساحیب غەریبی خەڵکی گوندی هەورامانی تەخت سەربە شاری سەوڵاوا، پێشتر پێشنوێژ و وتارخوێنی نوێژی هەینیی گوندی نێ سەر بە شاری مەریوان بوو. هەروەها ئەو مامۆستا ئایینییە پێشتر لە گوندی نێ مافی وتار خوێندن و پێشنوێژیی لەو مزگەوتەدای لێ سەندرابوویەوە و بۆ شاری بانە دوورخرابووەوە.

## بکوژی دوو پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات
## بە تاوانی کوشتنی کەسێک لە زیندانی سەقز ئیعدام کرا

ڕێکەوتی ٥ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی، نەوید فەتحی یەکێك لە دەست و پێوەندییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە لایەن ڕێژیمەوە بە تاوانی ئەنجامدانی قەتڵی کەسێك لە سێدارە درا. ئەو دەست و پێوەندییەی ڕێژیم، لە ساڵەکانی ٧٢ و ٧٣ بە پیلانێکی ڕێژیم مەئمووریەتی پێ سپێردرابوو، وەك عامڵی نفووزی ببێتە ئەندامی حیزب و لەو ڕێگەوە پیلانەکانی ڕێژیم لە ڕیزەکانی حیزبدا جێبەجی بکات. ناوبراو سەرەنجام ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی، دوو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بەناوەکانی "شەهید ساڵح شەریفی ناسراو بە ساڵح سەقزی" و "عەتا ڕەزاپوور ناسراو بە عەتا کێلەشینی" پێشمەرگەی مەڵبەندی ٢ی کوردستانی دەرمانداو کرد و لە ئەنجامدا پاش چەند ڕۆژ بەربەرەکانێ لە گەڵ مەرگ، شەهید بوون. سەرئەنجام هەموو ئەو کەسانەی کە دەبنە مۆرەی دەستی ڕێژیم و پاشان وەك مۆرەیەکی سووتاویان لێ دێت، لە لایەن خودی ڕێژیمەوە لەناو دەبرێن.

## ڕێژیمی ئێران لە ورمێ، هەوڵی کڕینی زەوی کوردەکان دەدات

لە دەڤەری سیلڤانا سەربە شاری ورمێ، ٣ کەس لە دەست و پێوەندییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە خەڵکی شاری "ئەراك" سەربە پارێزگای "مەرکەزی"ن، زەوی و باخی هاووڵاتییە کوردەکان دەکڕن. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیهەوێ بە پارە و تەماح وەبەرنان زەوی و زاری کوردەکان لە دەستیان دەربهێنێت و ئەو ناوچەیە لە کەسانی ناخۆجێی پڕ بکات. ئەو کەسانە زەوی و زاری کوردەکانیان بە بڕە پارەیەکی زۆر کڕیوە و قۆرخیان کردووە. هەر لەو پێوەندییەدا چەندین کەسی دیکەش لە دەست و پێوەندییەکان ڕێژیمی ئێران لە شاری زەنجانەوە کە لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیم لە ورمێ، پشتیوانییان لی کراوە، بۆ گۆڕینی دێموگرافی ئەو ناوچەیە، لە شارەکی ڕاژان ملك و سامانی دانیشتوانی ئەو ناوچەیان کڕیوە.

## ١٢٠ هەزار هێکتار
## لە دارستانەکانی کرماشان وشک بوون

هەواڵدەریی خوێندکارانی ئێران بڵاوی کردەوە، لە تێکڕای ٥٢٧ هەزار هێکتار لە دارستانەکانی پاریزگای کرماشان، ١٢٠ هەزار هیکتاری وشکبوون و لەناو چوون. ئیدارەی سەرچاوە سروشتییەکانی کرماشان وتوویەتی: تێکڕای دارستانەکانی زاگرۆس لە پارێزگای کرماشان و بەتایبەت داربەڕووەکان، مەترسیی وشکبوونیان لەسەرە. وشکەساڵی، هەبوونی گەردیلەی زیانبەخشی هەوا و ئاگرکەوتنەوە و هەروەها کەمتەرخەمیی بەرپرسانی پێوەندیداری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گرینگی نەدان بە ژینگە، هۆکاری وشکبوونی دارستانەکانی کوردستان لە پارێزگای کرماشانە.

## دایکی دوو شەهیدی حیزبی دێموکرات لە بۆکان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٨ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، دایە کابان، دایکی دوو فەرماندەری شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نەخۆشخانەی شاری بۆکان ماڵاوایی لە ژیان کرد. دایە کابان کەسایەتییەکی خۆشناو و جێگای ڕێزی خەڵکی ناوچەی بۆکان بوو و هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی بە ڕێبازی کۆڕە پێشمەرگەکانی وەفادار مایەوە. تەرمی دایە کابان لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکە لەسەر وەسییەتی خۆی لە گوندی "گردی قەبران" بە خاك سپێردرا. شەهید ئەحمەد خزری فەرماندەری لکی هێزی بەیان، ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە گردی قەبران سەر بە شاری بۆکان لە دایك بووە و لە ڕێکەوتی ٢٣ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٥ لە شوێنێك بە ناوی "حەشیاباد" لە شەڕێکی نەخوازراودا شەهید بوو. شەهید تاهیر خزری فەرماندەری پەلی هێزی بەیان، ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی لە گردی قەبران سەر بە شاری بۆکان لە دایك بووە و لە ڕێکەوتی ١٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لە شارویران شەهید بووە. هەروەها کوڕێکی دیکەی دایە کابان بە ناوەکانی "قادر خزری" ئەندامی ڕێکخراوەیەکی چەپ، لەبەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە شیمالی ئێران شەهید کراوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی خۆی لە بنەماڵە و کەس وکاری دایە کابان دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## کەسایەتییەکی خۆشناو و نیشتمانپەروەری مەریوان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٢ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، "حاجی کەریم کاوە" ناسراو بە "کەریم عاسە" و خەڵکی گوندی "نێ"ی سەر بە مەریوان بەهۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا ماڵاوایی لە ژیان کرد. ئەم کەسایەتییە نیشتمانپەروەرە، باوکی چوار زیندانیی سیاسیی کورد بە ناوەکانی "ئەبووبکر، ئیدریس، ئەمیر و سۆران کاوە" بوو.

"حاجی کەریم کاوە" لە دەیەی شەستی هەتاویدا بەهۆی ئەندام بوونی یەکێك لە کوڕەکانی لە یەکێك لە حیزبە کوردیە دژبەرەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، چەندین جار لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمەوە ئازار و ئەشکەنجە کرابوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە وکەس و کاری ئەو کەسایەتییە خۆشناو و نیشتمانپەروەرە دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شریك و بەشدار دەزانێت.

## لە سەقز باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

"نیعمەتوڵڵا ئەمیری" باوکی شەهید "محەممەد ئەمیری" ناسراو بە حەمە دیکتارۆف خەڵکی گوندی شوانکارە لە ناوچەی هەبەتوو، بەهۆی نەخۆشی لە نەخۆشخانەیەکی شاری سەقز لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ناوبراو کەسێکی نیشتمانپەروەر و پێشمەرگە خۆشەویست بوو و هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی بە ڕێبازی دێموکرات وەفادار مایەوە. شەهید محەممەد ئەمیری ڕێکەوتی ٩ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە گوندی باشبڵاخ لە شەڕێکی قارەمانانەدا بۆ بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان شەهید بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری کاك نیعمەتوڵڵا ئەمیری دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## لە سەقز ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٣١ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، ئەحمەد ساڵح دوای سێ ساڵ بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشییەکی درێژخایەن لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا ماڵاوایی لە ژیان کرد. ناوبراو کەسایەتییەکی خۆشناو و دیاری ناوچەکە بوو و خەڵکی ناوچە بە هۆی کەسایەتی شۆڕشگێڕ و ڕەوشتی بەرزی کۆمەڵایەتی حورمەتی تایبەتییان بۆی هەبوو. ماڵی ناوبراو شوێنی حەسانەوەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، هەر بۆیە چەند جار لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستبەسەر و ئەشکەنجە کرابوو. تەرمی خوالێخۆشبوو لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەی گەورکی سەر بەشاری سەقز لە گوندی کەرەویان ئەسپەردەی خاك کرا.


حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری ئەحمەد ساڵح دەکا و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## لە ناوچەی ژاوەرۆی مەریوان، ئەندامێکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٨ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، غەفار فەیزی، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەڵکی ئاوایی سەرهوویەی ناوچەی ژاوەرۆی مەریوان لە تەمەنی ٧١ ساڵیدا کۆچی دوای کرد. غەفار فەیزی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی پێوەندی بە حیزبی دێموکراتەوە دەگرێت و یەکێك لەو ئەندامە هەڵسووڕ و چالاکانەی حیزب دەبێت کە بە هەموو شێوەیەك یارمەتیدەر و هاوکاری کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بوو. ماڵی ناوبراو شوێنی حەسانەوەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری کاك غەفار فەیزی دەکا و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

# وتووێژی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ گۆڤاری لڤین، ژمارە ٢٧٦



## هەلومەرجی سیاسی لە باشوور و خۆرئاوای کوردستان دوو پرسی بە تەواوی لێک جیاوازن و پێویستە هەرکام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو جیاوازییانەوە شرۆڤە بکرێن

## کوردستانی خۆرئاواش دەیتوانی زەمینەی ئەرێنی سیاسیی زۆری تێدا پێک بێ، بەڵام بە داخەوە لەوێدا ئەو ڕەوتە نەچووەتە پێش، ئەو بەشە لە خاکی کوردستان تا ئێستاش لە ژێر دەسەڵاتێکی تاکڕەهەندی دایە

**گۆڤاری لڤین: مەسەلەی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردی لە باشووری کوردستان و ڕۆژئاوا بۆتە جێگای باس وخواستی هێزەکان، هۆکاری ئەمە چییە؟ ئایا بارودۆخێکی لەبار بۆئەو بابەتە خولقاوە؟**

**مستەفا هیجری:** هەلومەرجی سیاسی لە باشوور و خۆرئاوای کوردستان دوو پرسی بە تەواوی لێک جیاوازن و پێویستە هەرکام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو جیاوازییانەوە شرۆڤە بکرێن:

ـ باشووری کوردستان ساڵانێکی زۆرە کە بە گوێرەی یاسای عێراق حکوومەتێکی ـ نیمچە سەربەخۆی هەیە ـ ئەو حکوومەتە سەرەڕای کۆسپ و تەگەرەکانی سەر ڕێگای لەو ماوەیەدا ڕۆژبەرۆژ هەنگاوی بەرەوپێش ناوە. هەرچەند ئەو هەنگاوانە زۆر بە لەسەرەخۆیی بووە و تا ئێستاش کێشە و کەموکۆڕیی زۆری تێدا بەدی دەکرێ. لەو ماوەیەدا حکوومەتی هەرێم و حکوومەتە ناوچەیی‌یەکان (پارێزگاکان) لەلایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵک بەڕێوەچوون و تا گەیشتووەتە ئێستا کە حکوومەتی بنکەفراوان پێک هاتووە و نوێنەرانی زۆربەی زۆری خەڵک ئەو حکوومەتانە بەڕێوە دەبن، بە کورتی لەو ماوەدا کوردستانی باشوور لە پرۆسەی تاقیکردنەوەیەکی دێموکراسیدا بووە.

ـ لەو ماوەیەدا کورد هەوڵی زۆری داوە بۆ مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا لەژێر چەتری حکوومەتێکی دێموکراتیک کە مافی یەکسانی پێکهاتەکانی عێراق بە کردەوە بپارێزێ و پابەندی یاسا بێ، بەڵام حکوومەتی ناوەندی بە پێچەوانەوە ڕۆژبەرۆژ تێکۆشاوە بۆ ئەوەی ئەو مافانەی گەلی کورد پێشێل بکا کە تەنانەت لە یاسای بنچینەییدا پەسند کراوە، تا لەم دواییانەدا کار گەیشتە بڕینی بوودجەی کوردستان و سازکردنی گیروگرفتی گەورە بۆ حکوومەتی هەرێم و لە ڕاستیدا بەغدا بە کردەوە کوردستانی لە عێراق جیا کردووەتەوە.

ـ لە هەمان کاتدا کوردستان نەوتی خۆی هەناردە دەکا بە نەوتی کەرکووکیشەوە، ئەم هەناردە کردنە هەرچەند لە ئێستادا کێشەی زۆری لەسەرە، بەڵام بەو حاڵەشەوە دوورە دیمەنی سەربەخۆیی ئابووری ئەو بەشە نیشان دەدا.

ـ هەرێمی کوردستان ئێستا بووەتە ناوەندێکی سیاسی ناوچەیی و جیهانی، ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کونسوولگەرییەکانی خۆیان لێ دامەزراندووە و بەرپرسە سیاسییە پلەبەرزەکانی ئەو وڵاتانە بەردەوام سەردانی سەرۆک و حکوومەتی هەرێم دەکەن، ئەوانە و زۆر خاڵی دیکە لەسەر یەک شوێندانەر بوونە بۆ ئەوەی مەسەلەی سەربەخۆیی ئەو بەشە بووەتە جێگای باس و خواستی هەموو لایەک.

ـ کوردستانی خۆرئاواش دەیتوانی زەمینەی ئەرێنی سیاسیی زۆری تێدا پێک بێ، بەڵام بە داخەوە لەوێدا ئەو ڕەوتە نەچووەتە پێش، ئەو بەشە لە خاکی کوردستان تا ئێستاش لە ژێر دەسەڵاتێکی تاکڕەهەندی دایە، نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان لە بەڕێوەبەری ئەو بەشەدا بەشدار نین و تەنانەت هیچ بەڕێوەبەرییەک بە ناوی بەڕێوەبەریی کورد و کوردستانی لە ئارادا نییە و بەگشتی هیچ زەمینەیەکی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ سەربەخۆیی و تەنانەت لەوە کەمتر بۆ ئوتۆنۆمیش نەهاتووەتە ئاراوە، بۆیە ئەگەر لەو بەشەدا ڕەوتی ڕووداوەکان هەر وەک ڕابردوو بچێتە پێش، چارەنووسی خەڵکی ئەو بەشە تەم و مژاویی بە دیار دەکەوێ.

**گۆڤاری لڤین: بەڵام داعش هەرچی بێت بە شێوەیەکی جیدی شەڕی لەگەڵ حکومەتی هەرێم نییە، ڕووی داعش لە دەوڵەتی شیعەیە؟**

**مستەفا هیجری:** داعش شەڕی لەگەڵ هەموو لایەک و هەموو ناوچەیە بە شیعە و سوننە و کوردەوە، بەڵام ئەولەویەتەکەی شەڕی شیعەیە لە عێراق و سووریەدا و ئەگەر بتوانێ بە تەواوی بەسەر حکوومەتی شیعە لە عێراقدا زاڵ بێ شەڕی کوردیش بە شێوەی جیدیتر دەست پێ دەکا.

**گۆڤاری لڤین: ئەگەر ئێستا کە دەوڵەتی ناوەندی لاوازە و بە شەڕی داعشەوە خەریکە، فرسەتێکی لەبار نییە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، ئەو فرسەتە کەی دەبێ؟**

**مستەفا هیجری:** ئێستا فرسەتێکی لەبارە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەگەر بێت:

ـ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەموو بە بێ دوودڵی یەکدەنگ بوایەن لەسەر ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و پشتگرتنی، من بەش بەحاڵی خۆم ئەو یەکدەنگییە نابینم.

ـ خەڵکی کوردستان لە باری سیاسی و سایکۆلۆژییەوە ئامادەیی هەبێ کە کەموکوڕی و کێشە ئابووری و زەختەکانی دوژمنانی سەربەخۆیی کوردستان بۆ کورت ماوە تەحەمولی بکا وەک ئەوەی ساڵانی نەوەدەکان دوای پاشەکشەی هێزەکانی سەددام حسەین و گەمارۆی ئابووری کوردستان دیتمان، چونکە ناکرێ خەڵک سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ و تووشی هیچ کەموکوڕیش نەبێ.

ـ بێجگە لەوانە ڕێگایەکی کراوە بە ڕووی دنیادا هەبێ.

**گۆڤاری لڤین: کەس نییە موخالفی دەوڵەتی کوردی بێت، بەڵام کەسیش نییە بە جیددیی و بەڕەسمی کاری بۆ بکات و ڕایگەیەنێت؟**

**مستەفا هیجری:** بە بۆچوونی من ڕانەگەیاندنی بە ڕەسمی و بە جیددی دەوڵەتی کوردی دەگەڕێتەوە سەر وڵامی پرسیارەکەی پێشوو ئەو نیگەرانییانەی لەو پێوەندییەدا دێنە ئاراوە و ڕێگرن لەسەر ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، بۆیە زۆر پێویستە هەموو لایەک (بە حکوومەت و خەڵکەوە) تێبکۆشن بۆ ڕەواندنەوەی ئەو نیگەرانی و کۆسپانە.

**گۆڤاری لڤین: پرسیارێکی سادە ئەوەیە، ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی کارێکی لە ئیمکان هاتووە یان نا، وە بۆچی؟**

**مستەفا هیجری:** بێ گومان ئەگەر کار بکرێ بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکان ( کە کۆسپ‌و نیگەرانی گەورە نین) بە یەکریزی خەڵک و حکوومەت کارێکی لە ئیمکان هاتووە.

**گۆڤاری لڤین: تێڕوانینی وڵاتانی ناوچەکە چییە، بە بۆچوونی تۆ، گوایا تورکیاش لەگەڵیەتی، ئێران دژایەتی و عێراق نیگەرانە و سووریە بۆخۆی گیرۆدەیە؟**

**مستەفا هیجری:** وا هەڵکەوتووە هەر کام لە وڵاتانی دراوسێی حکوومەتی هەرێم دەسەڵاتداری بەشێک لە کوردستانی دابەش کراون، بۆ ئەوەی حوکمی دیکتاتۆرانەی خۆیان بەسەر کوردستانی بەشی خۆیان لە دەست نەدەن و وەک بۆ خۆیان دەڵێن وڵاتەکەیان دابەش نەبێ هەموویان دژی سەربەخۆیی باشووری کوردستانن.

**گۆڤاری لڤین: لە نێوان پارتی و یەکیەتی لە هەرێمی کوردستان دەوترێت جیاوازی ڕاوبۆچوون هەیە سەبارەت بەدەوڵەتی کوردی کە گوایا پارتی حەماسەتی زیاتری هەیە و یەکیەتی دەڵێت کەس لە ئێمە دڵسۆزتر نییە، بۆ ئەو مەسەلەیە؟**

**مستەفا هیجری:** جیاوازیی ڕاوبۆچوون لە نێوان یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان، لە پێوندی لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا زۆر گرنگە هیوادارم لەو مەسەلە چارەنووس سازەدا هەر دوولا بە یەکدەنگی تەواو بگەن.

**گۆڤاری لڤین: هەڵوێستی ئیوە وەکو لایەنی ڕۆژهەڵات چییە لەسەر دروستبوونی دەوڵەتی کوردی؟**

**مستەفا هیجری:** حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دیاریکردنی مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد بە مافی بێ‌ئەملا و ئەولای کورد دەزانێ و ئێمە ٧٠ ساڵە بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافە لە کوردستانی خۆرهەڵات خەبات دەکەین و قوربانی دەدەین، ئاواتمانە دەوڵەتی کوردی پێک بێ، ئێمە بۆ ئیرادەی یەکگرتووی خوشک و براکانمان لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی ڕێز دادەنێین و پشتیوانی لێ دەکەین.

**گۆڤاری لڤین: لەگەڵ ئەم باسە دەوڵەتی ئیسرائیل بەرەسمی ڕایگەیاند «کە پشتیوانی لە دەوڵەتی کورد دەکات>> ئەمە چۆن دەخوێندرێتەوە؟**

**مستەفا هیجری:** بە بۆچوونی من دەوڵەتی ئیسراییل لەو ڕاگەیاندنەدا ڕاستگۆیە چونکە، پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی لە باشووردا، دەوڵەتێکی دێموکراتیک دەبێ و یارمەتیدەر دەبێ بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی دێموکراتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە بە قازانجی ئیسرائیلە و زۆر هۆی دیکە.

**گۆڤاری لڤین: سەبارەت بە پرسی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کەبە گەرمی باسی لێ دەکرێت دەڵێن چی؟**

**مستەفا هیجری:** ئەگەر بڕیاری کۆتایی بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدرێ پێویستە لە پێش هەموو شتێکدا ڕیفراندۆم بکرێ و بۆچوونی خەڵک لەو پێوەندییەدا وەرگیرێ، چونکە ئەو مەسەلەیە پێوەندیی بە خواستی هەموو تاکەکانی دانیشتووی کوردستانەوە هەیە، بۆیە من پێم وایە ڕیفراندۆمێک بۆ ئەو مەبەستە کارێکی دێموکراتیک و ئەرکێکی حکوومەتە.

**گۆڤاری لڤین: خەڵکی دەڵێن حکوومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت ئاو و کەرەبا و بەنزین دابین بکات چۆن دەتوانێت دەوڵەت ڕابگەیەنێت؟**

**مستەفا هیجری:** بەڵێ، ئەوە یەکێک لە نیگەرانییەکانە کەلە پرسیارەکانی پێشوودا هێمام پێ کرد، خەڵکێک کە داوای سەربەخۆیی دەکا، پێویستە ئامادەیی هەبێ بۆ نەبوونی بەنزین، کارەبا و زۆر شتی دیکە چونکە هەم سەربەخۆیی و هەم بوونی هەموو شتێک پێکەوە لە ئێستادا نەگونجاون، شەهید دوکتور قاسملوو فەرموویەتی : » گەلێک ئازادی بوێ دەبێ ئامادە بێ نرخەکەیشی بدا...» من هیوادارم کە دانیشتوانی باشووری کوردستان بەو ئامادەیی‌یەوە داوای سەربەخۆیی بکەن.

**گۆڤاری لڤین: کۆنگرەیی نەتەوەیی زۆر کەس وەکوو لایەنی گرینگ سەیری دەکەن بۆ ئەم هەلومەرجە، واتا دەتوانێت ڕۆڵی گەورەی هەبێت لە پشتیوانیی دەوڵەتی کوردی، ئەگەر وایە بۆ زیندووی ناکەنەوە؟**

**مستەفا هیجری:** تا کاتێک گیانی خۆبەزلزانی و هێژمونیخوازی لە نێوان لایەنە کوردییەکاندا هەبێ، ناکرێ چاوەڕوانی پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەیی‌یەک بین کەلە خزمەت دۆزی کورد بە گشتی لە هەموو بەشەکانیدا بێ.

**گۆڤاری لڤین: ئایا چانسی پێکەوەژیان لەگەڵ عێراق نەماوە، بۆیە باس لە ڕیفراندۆم و دەوڵەت دەکرێ، یان داعش ئەم باسەی هێناوەتە پێشەوە؟**

**مستەفا هیجری:** چانسی پێکەوەژیان لەگەڵ عێراقدا ماوەیەکە نەماوە، هاتنە کایەی داعش بەم شێوەیە لە مەیدانی سیاسی عێراقدا یارمەتیدەری ئەو چانسە بووە.

**گۆڤاری لڤین: سەرلەنوێ عێراق، ڕووداوگەلێکی نەخوازراوی بەخۆیەوە بینی (پەلامارەکانی داعش) سیناریۆکانی پشتی چین، ئامانجەکانی کامانەن، کێ ئەم یارییە مەترسیدارانە دەجولێنێت؟**

**مستەفا هیجری:** پەلامارەکانی داعش شتێکی تازە نین لە عێراقدا، تەنیا ئەوە نەبێت کە هەڵەی بەرنامە سیاسییەکانی حکوومەتی بەغدا کە ئاکامەکەی ناڕەزایەتی خەڵکی عێراقی بە کورد، سوننە و تەنانەت شیعەوە ڕۆژبەرۆژ زیاتر کرد تا کار گەیشتە ئەو جێگایەی داعش لەم ناڕەزایەتییانە کەڵکی وەرگرت و توانیی پشتیوانیی هێندێک لایەنی سوونە بۆ لای خۆیان ڕابکێشێ و هێرشەکانی خۆی بەربڵاوتر بکا، هەر وەک چۆن کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو هەڵکارییانە بە قازانجی خۆی کەڵکی وەرگرتووە و دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو جومگەکانی حکوومەتی بەغدادا سەپاندووە، بەڵام بە شێوەیەکی دیکە.

**گۆڤاری لڤین: پەلاماردانی موسڵ لەلایەن داعشەوە چەندە مەترسییە بۆ سەر مالیکی و حکوومەتی عێراق، هێندەش مەترسییە بۆسەر ئێران و بلۆکی پان شیعیزم، کەواتە ئێران و مالیکی لەبەرامبەردا چی دەکەن؟ یان دەبێت چی بکەن؟**

**مستەفا هیجری:** بەڵێ، پەلامارەکانی داعش و بەهێزبوونی لە عێراقدا مەترسییە بۆ هەموو لایەک، بەڵام سیاسەتی مالیکی کە درێژەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە لە ناوچەدا و لە عێراقیشدا، لە مێژ ساڵە شکستی تەواوی هێناوە، چونکە ئەو سیاسەتە ( کە سیاسەتی کۆماری ئیسلامییە) چارەسەری هەموو گرفتەکان بە ناوخۆی ئێرانیشەوە لە سەرکوت، پیلانگێری، تەفرەقە و هێژمونیخوازی دەزانێ، نەک دۆزینەوەی ڕێگاچارەی دێموکراتیک و ئاشتیخوازانە، لەسەر بنەمای عەداڵەتو یەکسانی. کێشەی فەلستین، لوبنان، سووریە، عێراق و نێوخۆی ئێران نموونەی زیندووی ئەو ڕاستییەن کە ئێستا لەبەرچاوی ئێمە و جیهان دایە، بۆیە من لەو باوەڕە دام تا ئەو کاتەی ئەم سیاسەتە ڕەچاو بکرێ نابێ چاوەڕوانی ئاشتی، ئارامی و تەبایی لە ناوچەدا بین.

تێبینی:

١ ــ ئەم وتووێژە لە گۆڤاری لڤین لە ژمارە ٢٧٦ لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٨/١٠ی زایینی لە هەرێمی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

٢ ـ ئەم وتووێژە لە پێش هێرشی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بۆسەر هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە.

# وتووێژی بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ تیشک تیڤی

وتووێژ: سەلام ئیسماعیلپوور
و: کوردستان

**تیشك: بۆچی سەرەڕای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر لە سەرهەڵدانی خەڵکی سووریە و دەورگێڕانی گرووپی داعیش لە وەرچەرخانەکانی ئەم وڵاتەدا و لەگەڵ ئەوەیکە لە یەك ساڵی دواییدا پێشکەوتنێکی بەرچاو لە ئیش و کارەکانی ئەم گرووپە لە سووریە نابیندرێن، بەڵام هەر ئەم هێزانە کاتێك بە شێوەیەکی جیددی هاتنە نێو گۆڕەپانی وەرچەرخانەکانی عێراق، بینیمان بەشێکی بەرچاو لە جوگرافیای عێراق کەوتە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی ئەم گرووپە؟**

**و:** ئەم کردەوە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی گۆڕەپانی کردەوە تیرۆریستییەکان و ئەو کار و چالاکییانەی کە دەوڵەتی ئیسلامی لە دوو وڵاتی سووریە و عێراقدا بەڕێوەی بردووە. دەبینین کە لە سووریەدا وێڕای حکوومەتی ناوەندی و سوپای ئەم وڵاتە، لە شەڕ لەگەڵ دژبەراندا گرووپگەلێکی دیکەش بوونیان هەیە بۆ وێنە ئەلنۆسرە و هەمان دەوڵەتی ئیسلامی یان داعش، کوردەکان و هەموو ئەمانە جگە لەوەیکە لە چوارچێوەی سووریەدا خەریکی شەڕن، لە بەرامبەر حکوومەتی ناوەندیدا، سوپای ئازاد یان کوردەکان یان ئەلنۆسرە یان هەر ئەم دەوڵەتی ئیسلامییە چەشنێك لە هاوگرتوویی و هاوکارییان تێدا بەدی نەدەکرا و ناشکرێ. جگە لەمە، ڕەنگە هەر کامەیان زیاتر لەوەیکە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی بەشار ئەسد لە بەرەنگاربوونەوەدا بن، لەگەڵ یەکتردا لە ڕووبەڕووبوونەوەدان و ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەیکە پانتای چالاکی دەوڵەتی ئیسلامی لە سووریە بە هۆی هەبوونی ڕەوتگەلێکی دیکە جگە لە دەوڵەتی ئیسلامی بەرتەسکتر بێ و لەسەرەخۆتر بەڕێوە بچێت، بەڵام پانتای چالاکییە تیرۆریستییەکان و هەوڵە تێکدەرانەکانی ئەم گرووپە لە عێراقدا بە شێوەیەکی دیکەیە. دەبینن کە لە ناوچە سوننەنشینەکاندا، عەشیرە سوننە مەزهەبەکانی ناوچەکانی مووسڵ و تکریت و دیالە لە ڕاستیدا لە حکوومەتی ناوەندی و دەوڵەتی ئاغای مالکی نارازیی بوون و دژایەتییان دەکرد لەگەڵ کار و کردەوەکانی دەوڵەتی ناوبراودا.

جگە لەمانە، نەقشبەندییەکان و پاشماوەکانی ڕێژیمی پێشووی بەعسیش بوونیان هەیە و لە ڕاستیدا دەکرێ بوترێ کە ناوچەکانی مووسڵ و تکریت و ئەمانە ئاخێزگەی حیزبی بەعس بوون. هەر بۆیە، وێڕای ئەوەیکە ئەمانە لەوانەیە هەندێ جیاوازییان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی یان هەمان داعیشی پێشوو لە باری سیاسی یان ڕەنگە لە باری کردەوە و ڕەفتارەوە کە لە ناوچەکەدا بەڕێوەی دەبن، هەبێت، بەڵام بەگشتی جۆرێك لە هاوگرتووی و یەکگرتووییان پێکەوە هەیە کە دەتوانن لە بەرامبەر دەوڵەتی ناوەندیدا دەست بدەنە وەها ئۆپراسیۆنێك کە لە ماوەی یەك دوو ڕۆژدا ناوچەیەکی بەرفراوان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. لەم پێوەندییەدا هێما کردن بۆ پرسێکی دیکەش گرینگە و ئەوەش ئەمەیە کە بۆچی سوپای عێراق بەمشێوە پاشەکشەی کرد؟ وێڕای ئەوەیکە ئەو لایەنانەی کە هێمام بۆ کردن هەموویان هاوکار بوون و ڕەنگە لە بەرامبەر سوپای عێراقدا هاوپەیمان بوون بەڵام سوپای عێراقیش لەم ناوچەیەدا سوپایەك نەبوو کە پاڵپشتی خەڵکی لەگەڵ بێت. سوپای عێراق لە سەردەمی ئاغای مالکیدا بە شێوەیەك پاکتاو کرابوو کە زیاتر لە هەشتا لە سەدی ئەو سوپایە لە پەیڕوانی مەزهەبی شێعە پێکهاتبوو. وەها سوپایەك لە ناوچە سوننەنشینەکاندا بە شێوەیەکی سروشتی پاڵپشتی خەڵکیان لەگەڵ نابێت، سوپایەك کە پاڵپشتیی خەڵکی لەگەڵ نییە و ڕەنگە لە ڕوانگەی خەڵکی ناوچەکە و باڵادەستانی عەشیرە سوننەکان و تەنانەت دەوڵەتی ئیسلامی و نەقشبەندییەکان و پاشماوەکانی حیزبی بەعس تەنیا وەك بێگانەیەك سەیر بکرێ کە لەوێدا بوونیان هەیە. ئەمە بوو کە ئەم گرووپانە لەم ناوچەیەدا هاوکاریی خەڵکی ناوچەکەیان تا ڕادەیەك لەگەڵدا بوو و هاوگرتوویی ئەم هێزانە سەرەڕای ئەو جیاوازییانەی کە لەگەڵ یەك هەیانبوو، بوو بە هۆی ئەوەیکە ئەو شتەی کە لە سووریە

> **سوپای عێراق لە سەردەمی ئاغای مالکیدا بە شێوەیەک پاکتاو کرابوو کە زیاتر لە هەشتا لە سەدی ئەو سوپایە لە پەیڕوانی مەزهەبی شێعە پێکهاتبوو**

بە هێواشی دەچووە پێش، لە عێراق هەم بەرینتر بێت و هەم بەربڵاوتریش بەڕێوە بچێت.

**تیشك: پاش داگیرکردنی شەنگال، هۆکاری پێشڕەویی خێرا و سەرەتایی هێزە ئیسلامییەکان لە خاکی هەرێمی کوردستان تا نزیك شاری هەولێر و ڕاوەستان و پاشەکشەیان لە ڕۆژانی دواتردا چ بوو؟**

**و:** ئەم پێشڕەوییانەی دەوڵەتی ئیسلامی لە ڕۆژە یەکەمەکاندا دەرئەنجامی دوو پرس بوون، یەکەم ئەوەیکە حکوومەتی هەرێمی کوردستان یان خەڵکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەك خلافان، یانی بە دووردیمەنی ئەوەیکە ئەم هێزانە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندییان لە ئەجندای کاریی خۆیاندا داناوە و داگیرکردن و دەسبەسەرداگرتنی بەغدادیان لە بەرنامەدا بوو، پێیان وانەبوو کە بەمشێوە و بەم جۆرە هێرش بکەنە سەر ناوچەکانی ژێر دسەڵاتی هەرێمی کوردستان. هەربۆیە جۆرێك نائامادەیی لە نێو هێزی پێشمەرگەدا دەبینرا. جگە لەمە، هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە باری کەرەستەی سەربازیی زۆر تەیارتر بوون بەو چەك و چۆڵانەی کە لە سوپای عێراق بە دەسکەوت بەدەستیان هێنابوو، دژی هێزەکانی پێشمەرگە بەکاریان هێنا، لە حاڵێکدا کە ئەو کەرەستە و چەك و چۆڵانەی کە دەبوایە لە دەستی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستاندا بێت بۆ بەرەنگاریی و پاراستنی هەرێمەکە لە بەرامبەر چەك و چۆڵی دەوڵەتی ئیسلامیدا زۆر ناهاوسەنگ بوو. بەڵام پاش چەن ڕۆژ کە هێزی پێشمەرگە سازماندەییەکی نوێیان بە خۆیانەوە بینی و ئەو ئامادەکارییانەی کە بۆ بەرەکانی شەڕ کران و پاشان یارمەتی سەربازیی و چەك و چۆڵی وڵاتانی بیانی کە گەیشتە دەستی هێزەکانی پێشمەرگە بینیمان کە پاش چەن ڕۆژ پێشڕەویی سەرەتایی دەوڵەتی ئیسلامی توانیان لە هەنگاوی یەکەمدا، ئەم پێشڕەوییەی دەوڵەتی ئیسلامی بوەستێنن و لە قۆناغی دووهەمدا پاشەکشەیان پێ بکەن. ئەم پرسی خافڵبوونە، پرسی ناهاوسەنگیی نێوان چەك و چۆڵی دەوڵەتی ئیسلامی و هێزەکانی پێشمەرگە و هەموو ئەمانە بوون بە هۆی ئەوەیکە لە ڕۆژەکانی یەکەمدا دەوڵەتی ئیسلامی هەندێ پێشڕەویی بکات بەڵام لە ڕۆژەکانی دواتردا پێش بەم پێشڕەوییانە گیردرا و لە ڕۆژانی دیکەشدا بینیمان کە هێزی پێشمەگەری هەرێم پێشڕەوییان کرد و پاشەکشەیان بە هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی کرد.

**تیشك: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەمان ڕۆژانی یەکەمی هێرشی داعیش بۆ سەر کوردستان بە دەرکردنی ڕاگەیەنراوێك وێڕای پاڵپشتی لە خەڵك و هەرێمی کورستان ڕایگەیاند کە ئەگەر هەرێمی کوردستان و کاربەدەستانی پێوەندیدار داوامان لێ بکەن ئامادەین کە تەنانەت لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ ئەم گرووپەدا هەم هێز ڕەوانە بکەین و هەم بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و چالاکانە بەشداریی بکەین لەو شەڕەدا و لە ڕۆژانی دواتردا بە کردەوە ئەم کارەی کرد، هانەی ئەم حیزبە بۆ ئەم کردەوەیە واتە ئامادەبوونی سەربازیی لە بەرەکانی شەڕ دژی دەوڵەتی ئیسلامی چ بوو؟**

**و:** یەکەم ئەوەیکە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە چەن ڕۆژ پێش ئێستا جێژنی شەست و نۆهەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی خۆی بەڕێوە برد، لە هەموو ئەم ماوەدا بەردەوام بۆ دابینکردنی دێموکراسی و دەستەبەرکردنی مافەکانی نەتەوەی کورد بۆ بەرەوپێش بردنی دادوەری، بەرابەری، هاوتایی و سڕینەوەی هەر چەشنە ستەمێك لە کۆمەڵگادا خەباتی کردووە، دژی تیرۆو و خەڵك ڕفاندن و کاولکاریی بووە و هیچ کام لەم شێوازانەی نە تەنیا لە ئەجندای کاریی خۆیدا دانەناوە بەڵکوو دەتوانین بڵێین کە ئیدانەشی کردووە. هەربۆیە، کاتێ بینیمان کە هێزێکی چەکداری دواکەوتوو بە ئایدیایەکی دواکەوتووانە و توندوتیژی لەڕادەبەدەر هێرشیان کردووەتە سەر خەڵکی هەرێمی کوردستان و خوشکان و برایانی ئێمە و بەزەییان بە کچان و ژنان و پیران و پەککەوتان نایەت، سروشتییە لە وەها هەلومەرجێکدا، حیزبێك کە خۆی لە بەرەی جیهانی دژی تیرۆر دەبینێتەوە، ئامادەیە کە لەم شەڕەدا دژی

درێژەی لە لاپەڕە ٨



## ڕۆژەڤ

### کەڵکی هەرە تەواو: نهێنییەکەی سەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

ماڵپەڕی «والستریت جوورناڵ» وتارێکی لە ژێر ناوی « کەڵکی هەرە تەواو: نهێنییەکەی سەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی» بە قەڵەمی سوبحان گورمەن، نوور مالاس و مات برادلی بڵاو کردووەتەوە. وەك لە ناوەکەی ڕا دیارە، وتارەکە باسی نهێنییەکانی سەرکەوتنی داعەش لە شەڕەکانی ئەمدواییانە و بەتایبەت ئەندامگیری خێرا و بەرینی وەکوو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دەکات. لە لیدی وتارەکەدا هاتووە: «ئەم گرووپە تاکتیکی سەربازی لەگەڵ تیرۆریزمی نەریتی، پەیوەندییە عەشیرەتییەکان، هەڕەشەوناچارکردن و پێکهاتەیەکی زۆر ڕێکخراو ئاوێتە دەکات».

لە پاراگرافی یەکەمدا هاتووە: «دەوڵەتی ئیسلامی لەم هاوینەدا خەریکە سەرکەوتنێکی سەرنجڕاکێش تۆمار دەکات، بە شێوەیەك کە بە خێرایی هێزەکانی لە باکووری عێراق و سووریە بڵاو کردەوە، لە پێکهاتەیەکی بە زۆری ڕێکخراوەوە کە لە لایەن گرووپێکی بچووکی زۆر ناسیاوی یەکترەوە کونترۆڵ دەکرا، بوو بە گرووپێك کە لە لایەن توندڕەوێکی ئیسلامگەراوە ڕێبەری دەکرێ کە لە هەڵەکانی ڕێکخراوی دایکی، واتە ئەلقاعیدە وانەی وەرگرتووە.»

دواتر نووسراوە: «بەپێی قسە ئەو بەرپرسە ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستییانەی کە لە بزووتنەوەی توندڕەوی دەکۆڵنەوە، ئەم گرووپە بە تێکەڵاوکردنی کردەوە تیرۆریستییە ئاشناکانی وەك تەقاندنەوەی ماشین لەگەڵ تاکتیکە سەربازییە نەریتییەکان، هێزی خۆی بە هۆی پەیوەندییە عەشیرەتییە خۆجێییەکان و شارەزاییەکانی جێنێراڵەکانی پێشووی سوپای سەدام حوسێن زیاتر دەکات

لەپێشگرتنی ئەم ئاوێتەبوونە، ستراتیژییەکی کاریگەرە بۆ سەرلەنوێ ئەندامگیری ـ هەندێ لە پیاوە لاوەکانی ناوچە دەستبەسەرداگیراوەکان پێیان گوتراوە، پێمان پەیوەست بن یان بمرن ـ کە بەدەستهێنانی ئەو سامانەی کە لە ناچارکردنی بازاڕییە لۆکاڵییەکانەوە بەدەست دێت و هەروەها ڕاکێشانی فاندەمێنتالیستە مەزهەبییەکان لە ژێر ناوی هەبوونی خەلافەتێکی ئیسلامی نوێ لە ناوچە داگیرکراوەکاندا، لەگەڵ خۆی دەهێنێ.»

«ئاکامەکەی لەدایکبوونێکی نوێی ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە. بروك هوفمەن، شارەزایەکی بواری تیرۆریزم لە زانستگای جۆرج تاون وتی: ئەوان ڕاست گەشەیان بەو کارە داوە کە ئەلقاعیدە کردی، بەڵام لە قەوارەیەکی زۆر گەورەتردا».

لە درێژەی وتارەکەدا بە وردی باسی ئەوە دەکرێ کە داعەش چۆن لە دڵی ئەلقاعیدەی عێراق سەریهەڵدا، هۆکارەکەی چی بوو لە سووریە ئۆپەراسیۆنەکانی دەستی پێکرد و دواتر بە کورتی باسی ژیانی ئەبووبەکر بەغدادی و سێ کەس لە فەرماندەکانی ئەم ڕێکخراوە و خاڵە بەهێز و لاوازەکانیان لە کەسایەتی و فەرماندەییان دەکرێ.

لە بەشێکی دیکەدا هاتووە: «بەپێی وتەی بەڕێز لیسێر لە دامەزراوەی بڕووکینگز، بەغدادی کابینەیەکی شەڕ و شوورایەك یان کۆڕێکی خوبرە مەزهەبییەکان لە کاری یاسادانانی هەیە. وێڕای ئەوەش، ڕێبەری دەوڵەتی ئیسلامی کابینەیەکی وەزیران و شوورایەکی فەرماندارە ئۆستانییەکانی هەیە».

چەند پاراگرافی کۆتایی وتارەکە تەرخان کراوە بۆ باسکردنی هۆکاری هەڵبژاردنی ناوچەی عەمەلیاتی نزیك لە ناوچە شێعەنشینەکان و ئەندامگیری ئەم ڕێکخراوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی.


**سەرچاوە:**
WSJ.com

# خەم نامە



● ئەفسانە سروش

قاسیدێکم دەوێ
دەمەوێت نامەیەک بۆ خودا بنێرم.
قاسیدێکم دەوێت خەمی ناو
ئەم خەم نامەیەم
بگەیەنێتە دەستی خودا و
وەڵامێکم بۆ بێنێتەوە.
قاسیدێک لەرەشی هەوری
سەر نیشتیمانی من رەشتر بێت
تا لەشەوە سورەکاندا نەبیندرێ،
قاسیدێکم دەوێت
قاسیدێک کە سڵ لە هیچ نەکاتەوە و
لە هیچ مزگەوتیک بۆ نوێژی عیشا لانەدا و
نەترسێت لەبینینی جەستە سەر براوەکان
کەبەناو مخلوقێکدا تێپەری
رانەچڵەکێت نا
کە بادەیان پر بوو لەخوێن و
سەر مێزەکانیان بەکەللە سەر رازندبۆوە.
قاسیدێکم دەوێت قاسیدێک
هەر ئاوریش لەوانە نەداتەوە
خەم نامەکەی من پر پرن لەو خەمانەی
کەبۆ خودام نووسیوون
پرن لەو سکالایانەی کەئەم مەخلوقە بەناوی ئەوەوە
هەموو ئاوەزە خۆشەکانی ژیانیان سوتاندوە و
پرن لەختکانی ماسیەکان و هەڵوەرینی
باڵی پاساریەکان بەسەر حنجەکردنی ئەلف و بێی
ناو پەرتووکەکەی ئەو
پرن لەرژاندنی کچێنی کچەکان بەسەر ریشی
علی و هەمزەکانی مۆدێرندا و پرن لە خۆکوشتن
قاسیدێکم دەوێ ئەمن
نامەکەم بگەیێنیتە دەستی خوادااااا و
هاوار بکات
ئەو وەڵامەم بۆ بێنێتەوە ئاخۆ خواش نازانێت لەکوێن!؟
دەمەوێت بزانم ئاخۆ خوداش نازانێت
کچەکانمان لەکوێن!؟



● بەهار حسێنی

پاڵتۆییێک بە لێوار پردێکەوە
شۆڕدەبیتەوە و دەڕشێتەوە
کۆڵتێک سوار دەبێ و
جگەرەییێک ساڵانێکی زۆر
سووتووەکەی دەرژێنێتە دەریا،

دەمیاوێنی پشیلەییێک و
چرنۆک لە بیرەوەری دەگرێت
زەوی و هێڵەکانی تا دوگمەی ژێر مل
هاتوون،


شەمەندەفەرێک رێ دەکەوێ
بیر لە وێنەی سەربازێک دەکەمەوە
کە کچێک ماچ دەکا
من بەرەو هیچ کوێ بلیتێک ناکرم
ماچەکانم دەدەمە سەگێک
کە کلکە سووتەم بەدەوردا دەکات و،

هەموو ئەم شیعرە دەسرمەوە و
لە نوێوە دەنووسم:

من وڵاتمم دەوێ
باشارەزا بم خۆم لە کوێ بەرێ بکەم.
-------------

شاعیرەکان دەتوانن
وشەکانیان هەزاران جار
بە گوێی هەزاران کەسدا بچرپێنن
شاعیرەکان
درۆزنەکانی بەردەوامی ژیانن
کە دەتوانن هەزاران جار
دەست لە دەستەکان بئاڵێنن
بلێن: بیرت دەکەم
شاعیرەکان
مێهربانترین وبەخشەندەترین مرۆڤەکانی زەوین

یا ایهاالذین قاتلون...!
ئەی پیاوانی فێرگەی درندەی بیابان
ئەی ئەوانەی هەرگیز تامی میوەی ـ
شەرەف و وێژدان و مرۆڤبوونتان نەکردووە
وەرن ئێرە
ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نەفتین، جێژوانتانە
وەرن، ئەنفال سوورەی سفرەی بۆ ڕاخستوون
خوێنتان دەوێ؟
لە گەردنی چیای ژینمان کانی چێکەن
کچتان دەوێ؟
ڕۆحی پیس و پێی گڵاوتان
بە سەر پشکۆی جەستەماندا ڕێکەن
شراب الطهوراتان دەوێ؟
خوێناوی فرمێسکی دیجلە و
مەرگستانی ڕەزەوانم چاوەڕێتان...
بۆ تەشەنای زامی مێژووم،
ئێوەی تاریک وەرنە غەزای،
خەڵک و خاکی موقەددەسی کافرستان...
وەرن وەرن
یا ایهالذین قاتلون...



"رەحیم لوقمانی"

"هاوین ڕۆیشت بە هەڵمی لەشیەوە، ماندوو."
شەپۆلان ئەدا دەریا
بە تاسەی تریفەیەوە تاریک و پڕ شکۆ،
دەپرژێ خەیاڵانی بە تاشەبەردانا
زیوین و خاش
چەشنی وشەکانم
لە شیعرانی پڕ ئیشتیاقا بۆ
تۆ.
نە کەنار ئارامی دەکات
نە وەنەوزی ماسی گران،
بە ئاکاری من
لە نۆشینی دوایین تنۆکی خەونم بە جامی سەحەر
پڕ لە یادی نیگات
قاوەیی خومار.
داڵدەم بدا مەگەر لە خەراباتی ترێ دا
مەی
لێوت ڕەنگ
کە سروود بێژی ئەشقێکی مەمنووعم
لەم شەوە ڕەشانەدا
بێدار.
هاوین ڕۆیشت بە هەڵمی لەشیەوە
ماندوو
دەگەڕێیتەوە دڵنیام
بە تەنیشت گەنمەشامییەکاندا
بە باوشێ خولیاوە
هێور.
دەبووژێتەوە ژیان
بە نەرمیی دەنگت سروە سا.
دێنە سەما ساتەکان
لە بۆنی شیرینی لیمۆ
هەڵفڕیو لە یەخەی ترازاوت
شەنگ.



● "فەریدوون ئەرشەدی"

# کاتێک تار دەستەکانی تەنیاترین ژن ماچ دەکات

● ن: ئەفشین فەتتاحی
● و: ئیسماعیل ڕەحمانی



چیرۆکی چاوپێکەوتنی مامۆستا حوسێن عەلیزادە سیمای هەڵکەوتوو و گەورەی موسیقای ئێران لەگەڵ خاتوونی نەخۆش و لە بیر کراوی موسیقای کوردستان فەتانەی وەلیدی، لەوێوە دەستی پێکرد کە من بۆ وێنە گرتن لە ڕوخساری مامۆستا عەلیزادە و باس و ئاشنایی لەگەڵ چۆنیەتی شێوازی کاری من لە بواری "پۆرترێت"، پوستێری دوایین پێشانگام بە ناوی "سیر عشق" کە لەودا لە ڕوخساری هونەرمەندی گەورە فەتانەی وەلیدی کەڵکم وەرگرتبوو پیشانی ناوبراو دا. بینینی پۆرترێی (ڕووخسار) فەتانەی وەلیدی بە شێوەیەك لە سەر ڕۆحی پاك و بەهەستی ئەم هونەرمەندە گەورە کاریگەری هەبوو کە دەس بەجێ پێشنیار و داوکاریی منی سەبارەت بە سەردانمان بۆ لای فەتانەی قبووڵکرد. منیش سەبارەت بەم خاتوونە گەورەیە و هەروەها ئەو زوڵمانەی کە ئەو تووشی بووە هەندێ باسم بۆ کرد، ئەوەش زیاتر هانیدا کە سەردانی ئەم خاتوونە گەورەی موسیقای کوردی بکات.

هەموو شتێك بە ئاسانی ڕوویدا و من هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات کە ڕۆژێك مامۆستا حوسینی عەلیزادە سەردانی فەتانە وەلیدی بکات و لە نیزیکەوە چاوی پێی بکەوێت. سەیرتر لەوەش ئەوەبوو کە تا ئەو کاتە مامۆستا عەلیزادە هیچ ئاشنایەتییەکی لەگەڵ فەتانەی وەلیدیدا نەبوو، بەڵام هەر کە ئاگادار بوو کە ئەو هونەرمەندێکی بواری موسیقا بووە و ئێستا زیاتر لە ٤٠ ساڵە تووشی ئازار و نەخۆشی بووە، بە ئەرکی خۆی زانی کە سەردانی ناوبراو بکات و دڵی بداتەوە. بۆ ئاشنایەتی زیاتری مامۆستا لەگەڵ بەرهەم و دەنگی فەتانەی وەلیدی، بە یارمەتی هاوڕێی پەیامنێر و خۆشەویستم "فەیزوڵڵا پیری" کە هەمیشە لەم جۆرە کارانەدا یارمەتیم دەدات و منی تەنیا نەهێشتۆتەوە، چەند گۆرانییەکی فەتانەی وەلیدیمان ئامادە کرد و لە ڕێگای ڕۆیشتن بۆ ماڵی فەتانەی وەلیدی لەگەڵ مامۆستای تاری ئێران لە نێو ئۆتۆمبیلەکەدا گوێمان لێگرت. دوای گوێگرتن لە چەند گۆرانییەك، لە نێزیکی ماڵی فەتانەی وەلیدی لە حەسەن ئاوای سنە پرسیارم لە مامۆستای پایەبەرزی موسیقا، حوسێن عەلیزادە کرد کە بە بێ‌پەردە ڕای خۆی لە سەر دەنگی فەتانەی وەلیدی باس بکات.

مامۆستا دوای چەند چرکە وەستان و بێدەنگی کە دەرئەنجامی داخ و پەژارەی دەروونی بوو بۆ ڕابردووی تاڵی فەتانەی وەلیدی، دەنگی فەتانەی بێ‌هاوتا و ئوستوورەیی وەسف کرد و بە "قەمەر"ی کوردستان ناوزەدی کرد. بەداخبوونی مامۆستا بۆ ئەوە بوو کە ئەم خاتوونە گەورەیە هەرگیز سەردەمی لوتکە و کامڵ بوونی دەنگی خۆی ئەزموون نەکرد. لێرەدا بوو کە داخی ئێمە زیاتر بوو کە کوردستان چ بەهرەیەکی بێ‌وێنە و ئەستێرەیەکی بێ‌هاوتای لە هونەری موسیقیدا لە دەست داوە و مخابن کە چەندە بێڕەحمانە لە بیر کراوە.


بەڵێ فەتانەی وەلیدی لە ترۆپکی لاویەتی و لە تەمەنی کەمتر لە ٢٢ ساڵەیی بۆ هەتا هەتایە بە ناچاری و بە هۆی نەخۆشی ڕۆحی و دەروونی لە ژیان و دونیای هونەر دوور کەوتەوە و ئێستا لە سوچی تەنیایی و بێکەسی خۆیدا هەر ئەوەیە هەناسەیەك بە بەریەوە ماوە و باری زیندوو بوون و ژیانی بە کۆڵ هەڵگرتووە.

لە ماڵی فەتانە نزیك ببووینەوە و هەناسە لە سینگماندا قەتیس مابوو بۆ ئەوەی دیداری ئەم دوو هونەرمەندە ببینین. چەندە خەمهێنەر و وروژێنەر بوو ئەم چاوپێکەوتنە. چاوپێکەوتنێك کە مامۆستا خوازیار بوو بێجگە لە من و ئاغای پیری کە ناچار بوو ئامادە بوونمان قبوول بکات، بە بێ وێنە و هەواڵ بێ و حەزی لێ نەبوو کە لە ڕاگەینەکاندا بڵاو بکرێتەوە. من بۆ ڕێزلێنان و بڵاوکردنەوەی ڕۆحیەتی ئەخلاقی لە کۆمەڵگا، بە ناچار بە بێ ڕەزامەندی مامۆستا بڵاوم کردەوە. لەوەی کە مامۆستای ئاکار و هونەری ئێران حوسێن عەلیزادە ڕاستگۆیانە دەستەکانی فەتانەی وەلیدی ماچ کرد و لە بەرامبەر ئەودا و هەروەها ئەو ڕەنجانەی کە کێشاویەتی سەری کرنۆشی لە ڕووی ئەدەب و ئەمەگناسی دانەواند و بەبۆنەی فەتانە، ئەم دەنگە هەمیشە زیندووەوە پارچە موسیقایەکی زۆر هونەرمەندانەی ژەنی و تەواوی ئەو کەمە خەڵکەی کە لەوێ بوونی تووشی پەژارە کرد و منیش بەداخم بۆ هونەرمەندە گەورە کوردەکان و بە تایبەت ئەوانەی لە تاران نیشتەجێن و کاتی خۆی لەگەڵ فەتانە دەستیان پێکرد و گەیشتنە لوتکە، هیچ کات تا ئەو جێگایەی من لە بیرم بێ بێجگە لە "محەممەد جەلیل عەندەلیبی"بە شێوەی جیدی هەواڵێکیان لەم خاتونەی کردار و موسیقا نەپرسی. بەڵام مامۆستا عەلیزادە بە دوای بیستنی ڕابردووی تاڵی ئەم هونەرمەندە چوو بۆ سەردانی تا بیسەلمێنێ کە لە لوتکەی ناوداری و گەورەیی هونەردا، هەستی ئینسانی و ئەخلاقی گەورەترە لە هەموو شتێك و هونەر بە ئەخلاقەوە بایەخی هەیە.

فەتانەی وەلیدی هونەرمەندێکە کە مامۆستا "هادی زیائەددینی"ئەوی لە ڕووی ئەخلاقی بێ هاوتاوە بە یەکێك لە ژنە گەورەکانی مێژووی سەرەتای ئیسلام شوبهاندووە. بەڵام ئەمرۆکە ئاکارەکان بە شێوەیەك لە کۆمەڵگادا نەماوە کە کەسێك بە تایبەت هونەرمەندەکان بۆ سەردانێکی چەند خولەکی لە هونەرمەندێکی بەڕەوشت وەکوو فەتانەی وەلیدی کاتیان نییە. هونەرمەندێك کە دەنگ و گۆرانییە نەمرەکانی ڕۆح و دەروونی خەڵکەکەی میوانی خۆشی و شادی دەکرد، ئێستا بۆ خۆی ساڵانێکە میوانی لە بیرکراویی و خەمە.

مامۆستا عەلیزادە بە بیستنی سووکە دەنگێك کە لە فەتانەی وەلیدی ماوە و هەروەها ئەو تامەزرۆیی و شەیداییەی کە ئەم خاتوونە گەورەی موسیقا لەم دۆخە ناخۆش و نەخۆشییەدا بۆ گۆرانی وتن هەیەتی بە ئەسپایی گریا ، بەڵام لە چاوی کامێراکەی من نەشاردرایەوە و بوو بە پەندێك کە یەکتری لە بیر نەکەین. خۆزگە دڵسۆزییەکانمان لە کاتی ژیاندا پێشکەش دەکرد و گێڕەرەوەی دڵسۆزییەکانی دوای مردن نەبین.

ناوێزە



● ک.د.ئازاد

کەریم دافێعی ناسراو بە "ک.د.ئازاد" لە ساڵی ١٣٣٩ لە ناوچەی سەردەشت لەدایك بووە، قوناخەکانی سەرەتایی و ناوەندی لە شارەکانی سەردەشت و بانە تەواو کردووە و بۆ خوێندنی دواناوەندی چووەتە شاری دیواندەرە. ساڵی ١٣٥٧ دیپلۆمی وەرگرتووە. کارناسیی ڕاوێژکاریی لە زانستگای تەورێز وەرگرتووە و بڕوانامەی لیسانسی خۆی لە سەر (کوردی سۆرانی) نووسیوە لە ژێر ناوی (ناساندنی تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی کوردانی سۆرانی) کە ئەو ساڵە بووەتە یەکێك لە باشترین بڕوانامەکان و پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە.

لە ساڵی ١٣٥٤ بۆتە هۆگری شێعر و ئەدەب و هەر لەو ساڵەوە شێعری وتووە. ساڵی ١٣٦٤ یەکەمین شێعری لە گۆڤاری "سروە" بڵاو کردووەتەوە و لە زۆربەی کتێب و گۆڤارە فارسی و کوردییەکان( لە نێو ئێران، ئۆرووپا و گۆڤارەکانی کوردی دونیا) شێعر و بەرهەمی چاپ کراون.

زیاتر لە ٧٠٠ بەرهەمی( شێعر و چیرۆك و بەرهەمی دەروونناسی و بابەتەگەلی ئەدەبی) لە گۆڤارەکان و کتێبەکانی ئێران و جیهان بڵاو بووەتەوە.

"ک.د. ئازاد" ٣٩بەرهەمی ( بە شێوەی کتێب) هەیە کە بە هۆی گیروگرفت و بێ دەسەڵاتی نەیتوانیوە چاپیان بکات. کە بەرهەمی ٣٠ ساڵ کاری بێ وچانی ئەدەبی و هونەریی ناوبراون و بەشێکیان بریتین لە:

"نیشتمانی تازەی شێعرم"، "شەیدایی"،"یاخی"، پایزە خەم"، "غەریبانە"، "بۆ خەمێکی بێ کۆتایی" و دەیان بەرهەمی دیکە. کتێبی " چیبکەم تا تۆ قەت بەهارت لێ نەتۆرێ(چاپی سوێد)"،" و چریکەکانی خامۆش، چاپی تاران ـ نشر ئانا ـ١٣٩٣" لەم هونەرمەندە چاپ کراون.

ک.د.ئازاد ساڵی ١٣٦٨ بە دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئەدەبی لە شاری بانە پەرەی بە تێکۆشانی خۆی داوە کە ئەم ئەنجوومەنە یەکەمین ئەنجوومەنی ئەدەبی بووە لە نێو شارە کوردنشینەکانی ئێراندا کە بە شێوەی فەرمی بە دوو شێوە زاری سۆرانی و لاتینی وانەی کوردی تێدا وتراوەتەوە.بێجگە لە کارە هونەرییەکانی بۆ ماوەی ٣٠ ساڵە مامۆستای قوتابخانەیە و هەروەها لە دواناوەندییەکانی بانە وەك ڕاوێژکاری بنەماڵە خەریکی کارە.

ناوبراو ساڵی ١٣٨٨ خەڵاتی یەکەمی بەردەنگانی لە فستیڤاڵی شێعری هاوچەرخ لە پیرانشار وەرگرتووە.




# داهاتی کۆنسێرتێک لە سنە پێشکەش بەشنگال و کوبانی کرا

هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی کۆنسێرتێکی خێرخوازیی هونەرمەندێك لە سنە، چالاکیی کەمپەینی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ شنگال لە" ئیسلام ئاباد"کۆتایی پێهات.

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، کۆنسێرتی هونەرمەند عادڵ نادری بە ئامانجی پشتیوانی لە لێقەوماوانی شنگال و کوبانی لە ساڵۆنی هونەری ـ فەرهەنگی سنە بەڕێوە چوو.

ئەو کۆنسێرتە کە لەژێر ناوی " شیوەنی شنگال" و بە هاوکاری گرووپی "ئاگری" بەڕێوە چوو، لەگەڵ پێشوزایی گەرمی هاووڵاتییان بەرەوڕوو بوویەوە.


سەرجەم گۆرانی و مۆسیقاکانی ئەو کۆنسێرتە کە ڕێکەوتی ٦ی خەرمانان بەڕێوە چوو، هاودەردی و هاوسۆزی لەگەڵ ئاوارەکانی شنگال بوو، کە بەوتەی بەڕێوەبەران، سپاسی خەڵکی کوردستانیش سەبارەت بە هاوکاریەکانیان کراوە.

داهاتی ئەو کۆنسێرتە پێشکەش بە ئاوارەکانی شنگال و کوبانی دەکرێت.

فەرهاد جەهانبەیگی بە ماڵپەڕی "تاق وەسان"ی وتووە: پێشوازیی خەڵکی زۆر باش بووە و چالاکانی فەرهەنگی، هونەری و مەدەنی زۆرترین یارمەتیان پێشکەش کردووە.

جێی وەبیر هێنانەوەیە کە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ لێقەوماوانی شەنگال و کوبانی سەرەڕای پشتیوانی بەرچاوی خەڵك، هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە بۆ هاندانی خەڵك و بە نووسین و بەرهەم و بوونیان لەو شوێنانەی کە بنکەی کۆکردنەوەی یارمەتی بووە، بوونەتە مایەی دڵخۆشی خەڵك و سەلماندنی ئەو ڕا ستیە ش

کە



هونەرمەندی کورد کەسێکی دابڕاو و جیاواز نیە لە کۆمەڵگا و هەمیشە دڵیان لە لای ئازارەکانی نیشتمان و خەڵکەکەیانە.

درێژەی لاپەڕە ٥

تیرۆریسم بەشداریی بکات. دەزانن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەردەوام خۆی قوربانیی تیرۆریسم بووە و ئەمەش هۆکارێکە بۆ هاوسۆزیی و هاودەنگی لەگەڵ خوشك و برا کوردەکانمان لە کوردستانی عێراق. دووهەم ئەوەیکە ڕەنگە پازدە هەزار کەس لە کوردەکانی کوردستانی ئێران بە هۆکاری سیاسی لە ژێر بەدواداچووندان و بۆ دەربازبوون و خۆ ڕزگار کردن لە بەدواداچوون و ئەشکەنجە و ئیعدامی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پەنایان هێناوە بۆ کوردستانی عێراق، هەربۆیە بمانهەوێ و نەمانهەوێ، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ چارەنووسی ئەم پازدە هەزار کەسە کەم یان زۆر گرێدراوی چارەنووسی خەڵکانی کوردستانی عێراقە و بۆیە هەر ئامادەبوونێ لەم بەرانە و داکۆکی لە هەرێمی کورستان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ داکۆکی لەم پازدە هەزار کەسەیە کە لە کوردستانی ئێرانەوە هاتوون بۆ کوردستانی عێراق. هەر بۆیە بە پێی باوەڕی ئێمە بە دێموکراسی و خەبات دژی تیرۆریسم و بۆ پاراستنی گیانی ئەمانە و لە تەنیشت ئەمانەشدا بۆ هاوسۆزیی، هاودەنگی و پاڵپشتی لە هەرێمی کوردستان، ڕاگەیەنراوێکمان دەرکرد کە ئەگەر داوامان لێ بکرێت، دەڕۆینە بەرەکانی شەڕەوە. بۆچی وتمان ئەگەر داوامان لێ بکرێت؟ چونکوو لە وەها هەلومەرجێکی هەستیاردا ئەگەر هەر هێزێك سەرەڕۆیانە بڕواتە نێو کێشەکەوە و لە پلاندانان و هەڵکەوتەکانی گۆڕەپانی جەنگ و تێکهەڵچوونەکان زانیارییەکی نەبێت، لەوانەیە خەسارێکی بەر کەوێت و لە هەمان حاڵدا وەك دەستێوەردان لە کاروباری بەشێکی دیکەی کوردستان لە قەڵەم دەدرێت کە ئێمە دژی ئەم دەستێوەردانانەین، بەڵام کە لە ئێمە داوا کرا، بە هەمان شێوە کە وتم لە ئاست توانای خۆماندا لە بەرەکانی شەڕ ئامادە دەبین، بە شەوێك دەفتەری سیاسی ئێمە بڕیاری دا و لە هەمان شەودا توانیمان فەرماندەرانی سەربازیی و ژمارەیەك لە هێزەکانی خۆمان ڕێك بخەین و لە ڕاستیدا ستادی عەمەلیاتیمان پێك هێنا و هەمان ئەو شەوە تا بەیانی ئەم ستادە پێشمەرگەکانیان ئامادە کرد. کاتژمێر ٦ی بەیانی هەمان ڕۆژ بینیمان کە هێزەکانی ئێمە ئامادە، سەرزیندوو و ئۆگرانە و بە شانازییەوە بەرەو بەرەکانی شەڕ وەڕێ کەوتن. لەوێش دەسبەجێ پاش گەیشتنیان و جێگیربوونیان لە مەتەرێزەکانی پێشەوەی ئەم شەڕە هەندێ سەرکەوتنیان تۆمار کرد و دوو گوندیان ئازاد کرد، چەن سەیارەی هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامیان ئاگر تێبەردا، هەندێ کەسیان لە نێو برد و کەسانێکیشیان بە دیل گرت و ئەمە سەرکەوتنێ بوو. دواتر داوا لە ئێمە کرا کە بگەڕێینەوە بۆ شوێنەکانی خۆمان و ئێمەش بە هەمان شێوە کە داوامان لێ کرا و ڕۆیشتین، بە هەمان شێوەش کە داوامان لێ کرا گەڕاینەوە.

**تیشك: بە سەرەنجدان بە هێماکانی ئێوە کە پێشمەرگەکانی حیزب لەم شەڕەدا بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ئامادە بوون و بە پێی ئەوەیکە لەسەر بڕیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارتان دابوو کە هێزەکانتان ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ بکەن، بۆچی بەم خێراییە کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان داوایان لە حیزب کرد کە پاشەکشە بە هێزەکانی بکات و وێڕای ئەم دەسپێکە سەرکەوتووانە، پێشیان بە ئامادەبوونی پێشمەرگەمانی حیزبی دێموکرات لە بەرەکانی شەڕ گرت؟ دەوترێ کە هۆکاری ئەم کردەوەیە، گوشارەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووە. بەڵام بۆچی دەبێ کۆماری ئیسلامی وەها داوایەك بکات لە حکوومەتی هەرێمی کورستان؟**

**و:** هۆکاری ئەم پرسە بە ڕوونی بۆ خۆیشمان دیار نییە. ئێمە ئەم پرسیارەی ئێوەمان لە شوێنە پێوەندیدار و جێگەی متمانەکانی حکوومەتی هەرێمی کورستان کردووە، بەڵام وەڵامێکمان وەر نەگرتووەتەوە، بەڵام بە هەمان شێوە کە هێماتان بۆ کرد ئەگەری ئەوەیکە لە ژێر گوشاری کۆماری ئیسلامیدا بووبێ زۆر بەهێزە، بۆچی؟ یەکەم ئەوەیکە سەرەڕای ئەوەیکە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکی دێموکرات بووە

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکی دێموکرات بووە و هەیشە و بۆ دێموکراسی و دژی دیکتاتۆریەت و حکوومەتە دواکەوتووەکانی وەک کۆماری ئیسلامی خەبات دەکات و بۆ خۆیشی قوربانیی تیرۆریزمە

و هەیشە و بۆ دێموکراسی و دژی دیکتاتۆریەت و حکوومەتە دواکەوتووەکانی وەك کۆماری ئیسلامی خەبات دەکات و بۆ خۆیشی قوربانیی تیرۆریزمە و ڕێبەرانێك وەك دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی لە لایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە شەهید بوون و چەن سەد کەس لە کادر و پێشمەرگەکانمان لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان و تەنانەت هەرێمی کوردستان لە لایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە تیرۆر کراون، بەم حاڵەش کۆماری ئیسلامی تۆمەتی تیرۆریست بوون لە حیزبی دێموکرات دەدات. بۆ کۆماری ئیسلامی قورس تەواو دەبێت ئەو هێزەی کە بە تیرۆریست تۆمەتباری دەکات لە دەرەوەی خاکی خۆیدا خەریکە لە گەڵ تیرۆریسم شەڕ دەکات و تەنانەت ئەو کەسانەی کە ڕەنگە بڕوایان بە کۆماری ئیسلامی هەبێت دەبینن کە بەمشێوە نییە و لە ڕاستیدا ئەمە تۆمەتێکی بێ بنەمایە. دووهەم ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی بەردەوام وتوویەتی کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی هەڵوەشاوەیە و ئەمانە لەنێو چوون و ئاسەوارێکیان لێ نەماوە. لەم پێوەندیەشدا ساڵانێکی دوور و درێژ تۆی ڕەشبینی و دووبەرەکی و خەمساردی و هیوابڕاویی لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا چاندووە، بەڵام دەبینێ کە ئەم هێزە بە شەوێك دەچێتە نێو شەڕێکی مەزنەوە و ئەم ئامادەییەی هەیە کە یەك شەوە هێزەکانی تەیار بکات و ڕەوانەی بەرەکانی شەڕیان بکات و بڕۆنە مەتەرێزەکانی پێشەوەی شەڕ و دەبینین کە ئەم ساوێری لەنێوچوونی حیزبی دێموکراتە تەنانەت لە نێو ئەو کسانەشی کە بڕوایان بەم ڕێژیمەیە، دەبێتە بڵقی سەر ئاو و ئەوان دەبینن کە نا بەمشێوەیە نییە. سێهەم ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی کاتێ کە بینی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕیزەکانی هەرە پێشەوەی شەڕ سەرقاڵی شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی بوون، بە هەزاران کەس لە گەنجانی کورد لە کوردستانی ئێران ئامادەیی خۆیان دەربڕی و بە ئێمەیان ڕاگەیاند کە خوازیارن هەرچی خێراتر پێوەست بن بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لەم شەڕەدا بەشداریی بکەن. ئەمەش بەدڵی کۆماری ئیسلامی نەبوو. هەربۆیە ئەگەر کۆماری ئیسلامی بەڕاستی ناتەبا بێ لەگەل دەوڵەتی ئیسلامیدا و بە هەمان شێوە کە بانگەشە دەکات ئەو دەوڵەتە بە دژ یان دوژمنی خۆی دەزانێ، بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەبوایە پێشوازیی لێ کردبایە، بەڵام بۆ کۆماری ئیسلامی ئەو شتانەی کە باسم کردن، گرینگتر لەمە بوون کە بتوانێ ئامادەبوونی هێزێکی سیاسی کوردی کورستانی ئێران لە بەرەکانی شەڕدا قبووڵ بکات. بە هەمان شێوە کە وتم، ئێمە بە پێی ویست و داواکاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو شەڕەدا ئامادە بووین و کاتێکیش داوایان لێ کردین بگەڕێینەوە، گەڕاینەوە. بەڵام هۆکاری سەرەکییەکەی لە شوێنە پێوەندیدارەکانەوە بە ئێمە ڕانەگەیەندرا. گوایە تەنیا بەرژەوەندییەکە لەمەدا بووە، ئێستا بە هەر هۆکارێ، بەڵام بە سەرەنجدان بەو هۆکارانەی کە باسم کردوون، ئاماژەکان وا پیشانی دەدەن کە هۆکاری ئەم داواکارییە، گوشار لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بووە.

**تیشك: پاش نزیکبوونەوەی هێزەکانی داعیش لە هەولێر، پێتەختی هەرێمی کوردستان دەبینین کە وڵاتانی ڕۆژاوایی و لە سەرووی هەموویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خێرا دژکردەوەیان لە خۆیان پیشان دا و فەرمانی دا کە فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئەم وڵاتە لە بنکەی سەربازی ئەنجرلیکی تورکییەوە بفڕن و بنکەکانی داعیش بوردمان بکەن و هەر بەم پاڵپشتییانە و هەروەها پاڵپشتییە مرۆییەکانیان لە ئاوارەکانی ئەم شەڕە، بارودۆخەکە بە قازانجی هەرێمی کوردستان گۆڕدرا. بە سەرەنجدان بەوەیکە لە وەرچەرخانەکانی سووریە و تەنانەت لە وەرچەرخانەکانی عێراق پێش لە هێرشی داعیش بۆ سەر کوردستان چەندین جار داواکاریی سەربازیی لە ئامریکا هاتە گۆڕێ، بەڵام ئەمریکا خۆی لەم داواکارییانە بەدوور گرت، بەڵام بۆچی لەم بڕگەدا بە قازانجی هەرێمی کوردستان بەم خێراییە هاتە سەر خەت؟ هەڵسەنگاندنی ئێوە لە ئامانج و هانەکانی ڕۆژاوا لەم پێوەندییەدا چییە؟**

**و:** یەکەم ئەوەیکە وڵاتە ڕۆژاواییەکان و لە سەرووی هەموویانەوە ئەمریکا بەردەوام هەستیار بوون لەهەمبەر هەبوونی گرووپە تیرۆریستییەکان، بەڵام ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ پرسی سووریەدا تا ڕادەیەك لەهەمبەر دەستێوەردانی سەربازیی و هێرش بۆ سەر گرووپە تیرۆریستییەکان هەندێ پارێزی هەبوو و هۆکارەکەشی ئەمەیە کە لە سووریە دەوڵەت و سوپا هەیە، پاڵپشتی ڕووسیە هەیە، پاڵپشتی کۆماری ئیسلامی هەیە، هەموو ئەمانە پێش بەوە دەگرن کە ئەمریکا یان ڕۆژاوا بە شێوەیەکی گشتی لەوێدا یان بە شێوەی دەستێوەردان یان تەنانەت هاوکاریکردن لەگەڵ دەوڵەتانی ڕووسیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران بڕۆنە نێو گۆڕەپانی شەڕەکە، چونکوو ئەم کردەوە لە ڕاستیدا جۆرێك یارمەتیدانی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد دێتە ئەژمار، ڕەنگە هۆکارەکەی ئەمە بووبێ بەڵام لەمەڕ بەغداد شتێکی دیکەیە. ڕاست کە دەڵێن دەوڵەتی ئیسلامی مەبەستی داگیرکردن و کونترۆڵی بەغدادی بووە بەڵام دەوڵەتی عێراق بۆ خۆی کەرەستەی سەربازیی زۆرە و ئەمریکا چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کە ئەم سوپایە لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا چەندین پارێزگای گەورە و پڕ حەشیمەتی خۆی چۆڵ بکات و بۆی دەرچێ و کەرەستە و چەك و چۆڵەکانی بداتە دەستی دەوڵەتی ئیسلامییەوە، هەر بۆیە لەم پێوەندییەدا هەندێ پارێزی بوو، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا دەبینێ کە حکوومەتێکی ناوچەیی هەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤییندا لەباری دێموکراسی و لە باری هاوگرتووی لەگەڵ کەلتووری ڕۆژاوا و ئەمانە خاڵی وەرچەرخانێکە بۆ ڕۆژاواییەکان و وێڕای ئەمە پێشتریش ڕوویداوە کە لە بەرانبەر حکوومەتی بەعسی عێراق هێڵی ٣٦ دەرەجەی بۆ پاڵپشتی و یارمەتیدان و ڕەنگە لە چوارچێوەی هەمان ئەو شتەدا یان بگرە زیاتر لەوە لەهەمبەر هەلومەرجی ئێستای کوردستاندا هاوکاریی کردووە. یارمەتییەکانی ڕۆژاوا لە ڕاستیدا دوو جۆرە: یەکیان یارمەتییە سەربازییەکانە کە هەڵبەتە یەکە سەربازییەکان و هێزی سەربازیی و ئەم شتە نییە، چونکوو کوردستانیش ئەوەندە پێویستی بەم شتانە نییە، زۆربەی یارمەتییەکانی ڕۆژاوا بریتی دەبێ لە کەرەستەی سەربازیی کە ئێرانیش ئەم شتەی پێ خۆش نییە، چونکوو وا بیر دەکاتەوە کە ئەم یارمەتییانە بە تایبەتی لە بواری چەك و چۆڵدا بۆ هەرێمی کوردستاندا لە داهاتوودا بە قازانجی حکوومەتی ناوەندیی شیعەی عێراق نابێت. بەم حاڵەش یارمەتییان دا و ڕێژەی ئەم یارمەتییانە بەرفراوانە. یەك وڵات، دوو وڵات و تەنانەت چوار وڵات نین، زۆربەی وڵاتانی دونیا ئەوانەی کە توانای یارمەتی سەربازییان هەیە، ئەوانەی کە توانای بەشداریی لە شەڕ دژی تیرۆریسمیان هەیە، هەموو ئەم وڵاتانە پاڵپشتییان لە هەرێمی کوردستان کردووە، جگە لە یارمەتییە سەربازییەکان، زۆربەشیان یارمەتی مرۆڤدۆستانەشیان کردووە. خۆتان دەزانن کە ژمارەی ئاوارەکان زۆرن، پاشان وڵاتانی ڕۆژاوایی باش دەزانن کە هەم لە ڕەوتی قەیرانی سووریە و دواتریش لە ناوچە ناوەندییەکانی عێراقەوە و هەم ناوچەی مووسڵیش و.... هەرکەس ڕای کردبوو و ئاوارە ببوو پەنایان بۆ دوورگەی ئارامی ناوچەکە، هەرێمی کوردستان هێنابوو. یانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خۆی لە باری چەك و چۆڵەوە توانایەکی ئەوەندەی نییە و لە وەها هەلومەرجێکدا دەژی. لە کاتێکدا کە نزیك بە یەك ملوێن ئاوارە لە نەتەوە جیاوازەکان و پێڕەوانی ئایینە جیاوازەکانیشی دەبوایە پەنا بدابایە. جگە لەمە، ئێمە بینەری ئەوە بووین کە وەزیرانی دەرەوەی زۆربەی ئەم وڵاتانە بۆ خۆیان هاتن بۆ هەرێمی کوردستان، خۆیان بارودۆخەکەیان لە نزیکەوە بینی، تاوتوێیان کرد و بینیان کە بە ڕاستی میوانداریی یەك میلیۆن ئاوارە لە توانای حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا نییە، ئەویش بەم دۆخە ئابوورییە و بەو دژایەتییانەی کە لە لایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە لەباری دارایی بە سەریدا سەپاوە، زۆربەیانی هان دا کە یارمەتییە مرۆڤدۆستانەکانی خۆیان بە زووترین کات هەناردەی هەرێمی کوردستان بکەن و ڕێز لە خۆڕاگری هێزی پێشمەرگە

## ئەم هێزە بە شەوێک دەچێتە نێو شەڕێکی مەزنەوە و ئەم ئامادەییەی هەیە کە یەک شەوە هێزەکانی تەیار بکات و ڕەوانەی بەرەکانی شەڕیان بکات و بڕۆنە مەتەرێزەکانی پێشەوەی شەڕ

بگرن و لە بەرامبەر ئەم گرووپە تیرۆریستییەدا لەباری سەربازیشەوە بەهێزی بکەن. هەر بۆیە هاتوچۆی ئەم هەموو لێژنە دیپلۆماتیکە و وەزیرانی دەرەوە هەڵکەوتەیەکی زۆر لەباری بە هەولێر وەك پێتەختی هەرێمی کوردستانی بەخشیوە. جگە لەمانە، کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەم لەباری پاڵپشتی و پشتیوانی مەعنەوی و هەم ئامادەبوون لە شەڕ و کۆکردنەوەی یارمەتییە دارایی و غەیری داراییەکان چالاکانە هاتنە گۆڕەپانەکە. هەر بۆیە دەبینین لە شارەکانی کوردستانی ئێراندا یارمەتییەکی زۆر بۆ ئاوارە ئێزەدییەکان و ئاوارەکانی ناوچەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستاندا کۆ کرایەوە. کۆماری ئیسلامییش لە بەرامبەر هەرکام لە ناوەندەکانی کۆکردنەوەی ئەم یارمەتییانە، ناوەندێکیشی بۆ یارمەتیدانی خەڵکی غەززە دانابوو کە لەوانەیە خەڵك یارمەتی هەر دووی ئەوانە بدەن، بەڵام بەداخەوە تا ئەو جێگەی کە ئێمە زانیاریمان هەیە تەنانەت ئەو یارمەتیانەشی کە بڕیار بوو هەناردەی هەرێمی کوردستان بکرێت، کۆماری ئیسلامی هەناردەی غەززەی دەکات. هەر بۆیە پشتیوانی کردن لە کوردەکان لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە، ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و یارمەتییە سەربازییەکان هەموویان پێگەیەکی وایان بە هەرێمی کوردستان بەخشی کە بۆ بەراورد کردن لەگەڵ سەردەمی پێش لە هێرشی دەوڵەتی ئیسلامی نابێت.

**تیشك: هێماتان کرد کە زیاتر لە یەك میلیۆن ئاوارە لە کوردستانی عێراقدا بوونیان هەیە و زۆربەی ئەم ئاوارانەی کە هێماتان پێ کردن، ئەو عەرەبانەن کە ڕەنگە سەردەمێك لە کاتی دەسەڵاتی بەعسدا لە کوردستان نیشتەجێ کرابوون. زۆرکەس نیگەرانن کە ئەم ئاوارە عەرەبانە کە پەنایان بۆ هەرێم هێناوە، دواتر بیانووی نائەمنی و یان هەر هۆکارێکی دیکە نەیانهەوێ بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان و ئەم پرسە پێکهاتەی حەشیمەتیی کوردستان بە تایبەت لە ناوچەگەلێ وەك کەرکووك بگۆڕێت و نەگەڕانەوەیان هەرێمی کوردستان تووشی کێشە بکات، ئێوە تا چەن ئەم شتە بە نیگەرانی دەزانن و هەڵوێستی حکووومەتی هەرێمی کوردستان لە پەنا دان بەم ئاوارانە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**و:** ئەو هەڵوێستەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە خۆی پیشانی داوە لە ڕاستیدا هەڵوێستێکی زۆر مرۆڤدۆستانەیە و یارمەتیدان بە ئاوارەکان لە هەر نەتەوە و ئایینێك پرسێکی ئەرێنییە کە دونیا دەیبینێ. ئەوەیکە عەرەبەکانی ناوچەکانی دیکەش وەك ئاوارە هاتوون بۆ هەرێمی کوردستان و لەوێ نیشتەجێ بوون، ڕەنگە بەشێك لەم سیاسەتە لە لایەن حیزبی بەعس لە چوارچێوەی تەعریب یان تەعبیس یانی بە بەعسی کردن بەڕێوە چوویێت، بەڵام ئەو ئاکامەی کە لێی شین بووە ئەوەندە بەرچاو نەبوو و جگە لە هەندێ ناوچەی وەك کەرکووك، لە باقی ناوچەکانی دیکەدا زۆر سەرکەوتوو نەبوو، بەم حاڵەش هەر ئێستاش ئەگەر دەوڵەتی ناوەندی دڵنیا بوایەت کە لە ئەگەری جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ و سەرژمێری ژمارەی دانیشتووانی ئەو ناوچانەی کە هێشتا لە چوارچێوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا نین، ئاکامەکەی بە قازانجی ئەوان تەواو بوایە، تا ئێستا ماددەی ١٤٠ و داواکارییەکانی دیکە کوردەکان کە لە یاسای بنەڕەتی ئەم وڵاتەدا گونجێندراوە، دەخستە خانەی جێبەجێ کردنەوە و بەڕێوەنەبردنی ئەم کردەوەش هۆکارەکەی ئەمە بووە کە دەوڵەت دڵنیا نییە کە بەمشێوە سیاسەتەکەی سەرکەوتن بەدەست دێنێ و هەر بۆیە نیگەرانە. دیارە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا کوردەکان باس لەم نیگەرانییە دەکەن، بەڵام من پێم وانیە کە کوردەکان جارێکی دیکە ئیزنی ئەوە بدەن کسانێك کە وەك ئاوارە بوونەتە میوانی کوردەکان، ئەگەر ناوچەکانی خۆیان ئازاد کرا و داخوازییەکانیان جێبەجێ کرا، بیانهەوێ دیسان لە هەرێمی کوردستان بمێننەوە. پێم وایە لەم پێوەندییەدا کوردەکان ئەگەر بیانهەوێ لەهەمبەر ئەم گۆڕانی دێمۆگرافییە ناوچەکانی کوردستان هەوڵێك دژی نیشتەجێ بوونی ئەو ئاوارانە بدەن، بایەخی هیچ کام لەو خزمەتانەی کە کوردەکان کردوویانە بەم ئاوارانە لە بیروڕای گشتیدا کەم نابێتەوە و ئەمە مافی کوردەکانە کە ئەوان بگەڕێننەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان.

# ڕووحانی له قەیراندا

سەلام ئیسماعیلپوور

پاش تێپەڕبوونی زیاتر له ساڵێك له دەسەڵاتداریێتیی حەسەن ڕووحانی وەکوو سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکاری کۆماری ئیسلامی، وێدەچێت که سەردەمی شاردنەوەی ناکۆکییەکانی خامنەیی ڕێبەریی ڕێژیم و حەسەن ڕووحانی سەرکۆماریش گەیشتۆتە خاڵی کۆتایی. بانگکردن و لادانی ڕەزا فەرەجی دانا، وەزیری عولووم و تویژینەوە و تێکنۆلۆژی له پۆستەکەی خۆی، وتەکانی عەلی خامنەیی به بۆنەی حەوتووی دەوڵەت و وەڵامدانەوەکانی حەسەن ڕووحانی له چەند ڕۆژی ڕابردوودا قۆناغێکی نوێی له شەڕێکی لەمێژینه دەست پێکرد که له درێژەی کاری دەوڵەتی ڕووحانیدا ڕەنگە زیاتر لەوەش پەره بستێنێ.

ئەم ئاڵوگۆڕانه لەوێوە دەستیان پێ کرد که وەزارەتی عولوومی دەوڵەتی ڕووحانی به بڵاوکردنەوەی لیستەیەك، پەردەی لەسەر گەندەڵیی بەربڵاوی نێو کابینەکانی نۆهەم و دەیەم له پێوەندی لەگەڵ بوورسییەکانی خوێندنی زانکۆ لادا که بەو پێیە نزیك به ٣هەزار کەس له کەسانی نزیك به دەوڵەت و مەجلیس به بێ له بەرچاو گرتنی پێوەره یاساییەکانی وەکوو بوورسییە، چوونەتە نێو زانکۆ نێوخۆیی و دەرەکییەکان. بڵاوبوونەوەی ئەم لیستەیه له لایەن وەزارەتی عولوومەوە بوو بە هۆی بانگکرانی بۆ مەجلیس و لابردنی له سەرکار.

له ڕەوتی ململانێی نێوان پشتیوانان و نەیارانی بانگکرانی وەزیری عولوومدا، نامەیەك له نێو مەجلیس بڵاو کرایەوە که تێیدا دروستبوونی بڕوانامەی دوکتۆرای خودی حەسەن ڕووحانیش چووبووه ژێر پرسیار و بەو پێیە، حەسەن ڕووحانی له خولی یەکەمی مەجلیسی شوورای ئیسلامییەوە به بڕوانامەی «دوکتۆرا»وە پۆستی نوێنەرایەتیی مەجلیسی له ئەستۆ بووه له حاڵەتێکدا که بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی ناوەندی لێکۆڵینەوە ئێستراتیژیکەکانی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندیی ڕێژیم، ئەو له ماوەی ساڵەکانی پێش ١٣٧٤دا بۆ خوێندن له قۆناغی ماستەر و دوکتۆرادا له یەکێك له زانکۆکانی بریتانیا ناونووسیی کردووه.

ئەم نامەیه دواتر پرسیارەکانی خوارەوە له پێوەندی لەگەڵ «بڕوانامەی دوکتۆرا»ی حەسەن ڕووحانی دێنێتە گۆڕێ:

«١. له ماوەی نێوان خولی یەکەمی مەجلیسدا تا ساڵی ٧٤ که بڕوانامەی دوکتۆرای وەرگرتووە له مووچه و ئێمتیازەکانی پێوەندیدار به بڕوانامەی دوکتۆرا کەڵکی وەرگرتووە یان نا؟ ئەگەر وەڵام بەڵێ بێت، به چ پاساوێکی یاسایی و شەرعییەوە بووە؟

**ڕووحانی که له پێگەی بەدەر له یاسای خامنەیی به باشی ئاگادارە، به دەستنیشانکراوی ناونیشانی یاسای وەبیری وەلی فەقیه هێنایەوە و له بەرانبەر حوکمی وەلی فەقیهدا بڕیاری دادگای به پێوەری کارکردن دانا که ئەمە دەتوانێ سەرەتایەک بۆ هاتنەئارای قسه و باسی زیاتر**

٢. چلۆن هاوکات لەگەڵ خوێندن له بریتانیا، له چەند پۆستی گرینگی وەك جێگری سەرۆکی مەجلیس، سکرتێری شوورای ئەمنییەتی میللی و ... کاری کردووه؟

٣. ڕووحانی له لیژنەی زانستیی کام زانکۆ و بەپێی کام پێشینەی لێکۆڵینەوە، ناسناوی «مامۆستای تەواو»ی پێ دراوه.

٤. لە کاتی خوێندندا کەڵکی له بوورسیه وەرگرتووه یان به خەرجی خۆی له بەریتانیا خوێندوویه؟ ئەگەر بوورسیه بووه، بەپێی بەشداربوون له کام تاقیکاری و به چ بەڵگەیەکی یاساییەوە کەڵکی له بوورسیه وەرگرتووه؟».

لەوانەیه هەر لەبەر بڵاوبوونەوەی ئەم نامەیه بوویێت که ڕووحانی به پێچەوانەی نەریتی پێشوو بۆ بەرگریکردن له وەزیری بانگکراو، نەچووه مەجلیس و له دانیشتنی پێوەندیداردا که ڕۆژی چوارشەممه ٢٩ی گەلاوێژ بەڕێوه چوو، وەزیری عولووم به ١٤٥ دەنگی بەڵێ، ١١٠دەنگی نا و ١٥ دەنگی بێلایەن له سەرکار لابرا. له بەرانبەردا ڕووحانی وەکوو دژکردارێك بەرانبەر به نەیارانی خۆی له مەجلیسدا، وەزیری له سەرکار لابراوی وەکوو ڕاوێژکاری خۆی له کاروباره زانستی و پەروەردەییەکاندا دیاری کرد.

ڕووحانی هەروەها وێڕای ڕەخنەگرتن له مەجلیسی ڕێژیم، ڕایگەیاند که ئەم جۆره هەڵسوکەوتانه ناتوانن ببنه ڕێگر له بەردەم سیاسەتەکانی دەوڵەتدا. دوابەدوای ئەوه بوو که خامنەیی له لێدوانەکانی ڕۆژی پێنجشەممه ٦ی خەرمانانداندا به دیاریکردنی هێڵی سوور لەگەڵ کەس و لایەنەکانی ناسراو به ڕەوتی فیتنه و پێویستی دوورکەوتنەوەی دەوڵەت له ڕەوتی فیتنه و کەسانی سەر به ئەو ڕەوته، به کردەوه پشتیوانیی له کاری مەجلیس کرد.

ئەم وتانەی ڕێبەری ڕێژیم، له ڕۆژی شەممه ٨ی خەرمانانداندا وەڵامدانەوەی ڕووحانیی لێ کەوتەوه. سەرکۆماری ڕێژیم به بێئەوەی ناوێك له خامنەیی ببات، به تانه و توانج وەڵامی دایەوە. ڕووحانی که له پێگەی بەدەر له یاسای خامنەیی به باشی ئاگادارە، به دەستنیشانکراوی ناونیشانی یاسای وەبیری وەلی فەقیه هێنایەوە و له بەرانبەر حوکمی وەلی فەقیهدا بڕیاری دادگای به پێوەری کارکردن دانا که ئەمه دەتوانێ سەرەتایەك بۆ هاتنەئارای قسه و باسی زیاتر لەسەر پابەندنەبوونی ئەو به ویلایەت له لایەن ڕەوتی نەیارانییەوه له داهاتوودا بێت.

ڕووحانی هەروەها له کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەیدا به ئاماژەکردن به وتەکانی خامنەیی که «ڕەوتی فیتنه»ی به هێڵی سووری ڕێژیم زانیبوو و داوای له وەزیرەکان کردبوو مەودای نێوان خۆیان و فیتنەگەران بپارێزن و بەرانبەر به بەڵێنەکانی خۆیان له کاتی وەرگرتنی دەنگی متمانەدا دەروەست بن، ڕایگەیاند: «ئێمه له چوارچێوەی یاسادا کار دەکەین، پێوەری ئێمه یاسایه و ئەگەر کەسێك حوکمێکی به سەردا سەپێنراوه و له لایەن دادگاوه بڕیار دراوه له مافه کۆمەڵایەتییەکانی بێبەش بکرێت، ئێمه یاسا ڕەچاو دەکەین، بەڵام باسکردن لەوەی که کەسێك له نێو وێنەیەکدا هەیە، ئەوەی که بۆ چی چووه؟ و بۆ سەیرکردن چووه یان چ جۆره دروشمێکی داوه، قبووڵ ناکەین کەسێك بیبهەوێ بەپێی وەهم و خەیاڵی خۆی، کەسێك مەحکووم بکات یان به دەوڵەت بڵێت که ئەم کەسه له مافه کۆمەڵایەتییەکانی بێبەشه. بێبەشکران له مافه کۆمەڵایەتییەکان پێویستی به بڕیاری دادگایه. ئێمەش بەپێی بڕیاری دادگا کار دەکەین».

له گەرماگەرمی ئەم ململانێیه و له کاتێکدا که لەم ڕۆژانەی دواییدا خامنەیی به ڕاشکاوی وێڕای ڕەتکردنەوەی بانگەشەکانی تاقمی ڕووحانی ـ زەریف، هەر جۆره سەرکەوتنێکی له دانووستانه ناوکییەکان لەگەڵ ڕۆژئاوادا ڕەت کردەوه و به کردەوه پشتیوانیی له هەڵوێستەکانی تاقمی پارێزکاری ناسراو به «نیگەرانه ناوکییەکان» کردبوو، ڕۆژی هەینی ٧ی خەرمانان دەوڵەتی ئەمریکا ناوی کۆمەڵێك له کۆمپانیا و بانکەکانی به هۆی هاوکاریکردنی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و پێشێلکردنی ئابڵۆقه نێونەتەوەییەکان، خستە نێو لیستی گەمارۆکانەوه. له ڕۆژانی داهاتوودا بێگومان ئەم بابەته وەلی فەقیه و نیگەرانەکان بوێرتر دەکات و ڕێبەری ڕێژیم به شێوەیەکی ڕاشکاوانەتر له ریزی پێشەوەی ڕەخنەگران له دەوڵەتی ڕووحانیدا ڕادەوەستێ. هەربۆیه به ئاگاداربوون لەم بارودۆخه بوو که حەسەن ڕووحانی له لێدوانی ڕۆژی شەممه ٨ی خەرمانانداندا بەرپرسیارێتیی تەواوی دانووستانەکانی وه ئەستۆی خۆی گرت، بەڵام وێدەچێت که تێپەڕینی کات و به بنبەست گەیشتنی چەواشەکارییه ناوکییەکانی ڕووحانی، کاری سەرکۆمار و لایەنگرانی دژوارتر دەکات تاکوو نەیارانیشی یەك له دوای یەك له تەریککەوتوویی سیاسی بێنه دەرەوه و پشتئەستوور به هەڵوێستەکانی ڕێبەری ڕێژیم، شمشێرەکانیان له کالان دەر بکێشن.



جووت حەوت

## هەوراز

ـ تەباتەبایی نژاد، ئیمام جومعەی ئیسفەهان داوای له ژنان کردووه نەبنە ئەندازیاری کانگا (مەعدەن)، چوونکه ئەوان ناتوانن له مەعدەنەکاندا پیاو و ژن لێك جیا بکەنەوە، یان پەرده له نێوانیان بکێشن، یان له بنەڕەتدا مەعدەنی ژنانه و مەعدەنی پیاوانه دروست بکەن، یان کانزاکان به پیاوانه (وەك ئاسن) و ژنانه (وەك زێڕ) دابەش بکەن، یان کانگاکان له بیابان بگوازنەوه بۆ ناوەڕاستی شار، یان پاسگایەك، زیندانێك، حەوزەیەکی عیلمییه له ژێر زەویدا بکەنەوە بۆ ئیرشادی ژنان. به کورتی ئەم بڕادەره دەیهەوێ به ژنان بڵێ: "هەر لەم دەوروبەرەی خۆمان، له بەر چاوی خۆمان بسووڕێنەوه با ئاگامان لێتان بێت. بۆ دەچنه نێو کاری مەعدەن؟ گلاراوتانه؟ دەچنه ئەو تاریکییەی بن عەرز که چاوتان به ئێمه نەکەوێت؟"

ـ سەرپاسدار محەممەد حوسەین نەجات، فەرماندەی پێشووی بادیگاردەکانی خامنەیی دەڵێ ئاغا جارێك به گۆڕینی جلی خۆی بۆ ماوەی ٢ سەعات له کۆڵانەکانی بەم خولاوەتەوه و کەسیش نەیناسیوه.

ئەم کابرایه دەیهەوێ بڵێ خامنەیی زۆر خاکی و خەڵکییه، دەیهەوێ بڵێ خامنەیی له خەڵك ناترسێ و وەك ئەوان له شاردا دەسووڕێتەوه. پێی وایه کەس نازانێ ئەگەر به کۆڵانێکدا خامنەیی تێپەڕ بێت، پێشتر کۆڵانەکە ئیستریلیزه دەکەن و تەنانەت دووپشکیشی تێدا بێت، به مەقەست کلکی دەپەڕێنن. پێی وایه کەس نازانێ که ئەگەر خامنەیی جلی خۆی بگۆڕێت و خۆی بکاته ڕێبوارێکی ئاسایی نێو کۆڵانەکانی بەم، ئیسکۆرتەکانیشی دەتوانن ئەو کاره بکەن و خۆیان بکەنه دوکاندار و قەساب و قابلەمەفرۆشی شاری بەم و پێشوازی له ئاغاکەیان بکەن.

ـ ئاخوند مورتەزا ئاغاتیهرانی، سکرتێری "جبهەی پایداری" دەڵێ: " ڕۆژئاواییەکان له موسڵمانەکان دواکەوتووترن، بەڵام ئەوه موسڵمانەکانن که لاسایی ڕۆژئاواییەکان دەکەنەوه".

پێم وابێ ئاغا مورتەزا ویستوویه بڵێ موسڵمانەکان له ڕۆژئاواییەکان پێشکەوتووترن، بەڵام چوونکه ئاخوند له بنەڕەتدا کەیفی به وشەی پێشکەوتن نایەت، وەهای لێ کردووه که بڵێ ئەوان له ئێمه دواکەوتووترن، واته بۆ سووکایەتیکردن به ڕۆژئاوا ئاماده بووه سووکایەتی به خۆیانیش بکات و بڵێ ئێمەش دواکەوتووین (که هەڵبەت هیچ گومان لەم بەشەی فەرمایشتەکەیدا نییه و ئێمەش وەکوو دانپێدانانێك قبووڵی دەکەین).

ـ ناوبراو که هەڵبەت پێشتر ناومان نەهێنابوو، واته جەواد کەریمی قودووسی، نوێنەریی مەجلیسی ڕێژیم دەڵێ دەسکەوتی دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی له یەك ساڵی ڕابردوودا له دەرەوه "زیاتربوونی گەمارۆکان و سووکایەتییەکان و هەڕەشەکان بۆ سەرمان" و له نێوخۆدا "بەزاندنی هێڵه سوورەکانی نیزام" بووه. یەکێك لەو هێڵه سوورانه به باوەڕی ئەو (که ئێستا ئیتر دەتوانێ شانازی به خۆی بکات که له قاوەخانەی جووت حەوت بووه به ناوبراو)، باسکردنی ڕووحانی و عەلی یوونسی له پرسی ئاییننزا و پێکهاته جیاوازەکانه که هەڕەشەیه بۆ سەر بەها نەتەوەیی و نیشتمانی و ئیسلامییەکانی کۆماری ئیسلامی. هەڵبەت مەلا حەسەنی بەنەوش زادەی ڕووحانی تەنیا ئەوەی گوتووه که ئێمه له ئێراندا نەتەوەی جیاوازمان نییه و هەموومان له یەك قوماشین، بەڵام ئاغای قودووسی پێی وایه هەر ئەوەندەش بەسه بۆ ئەوەی که باسی نەتەوەکانی ئێران بوروژێنرێت، بۆیه ئێستا ڕووحانیش تەجزیەتەڵەبه چوونکه زەرفیەت و تاقەتی نیزامی لەم بوارەدا له بەر چاو نەگرتووه و خەریکه به گوتنی ئەوەی که "ئێمه فڵانه کێشەمان نیه"، دەبێتە هۆی کەوتنه بەر باسی کێشەکان.

ـ ئایەتوڵڵا موحسین حەیدەری، نوێنەری خووزستان له مەجلیسی خوبرەگان گوتوویه: "له پێشکەوتووترین زانکۆکانی ئەمریکادا خوێندکارانی کچ و کوڕ لێك جیا کراونەتەوه و ئەو کاره دەبێتە هۆی گەشەی زانستیی زانکۆکان".

نازانم ئەم شوێنه زانستییانه له کوێی ئەمریکادان که هەر ئاخوندەکانی ئێران ڕێیان پێ بردوون و شوێنیان دەزانن. بەڵام لەوه دڵنیام که له زانکۆ پێشکەوتووەکانی ئەمریکا و تەنانەت بۆرکینافاسۆی مەزنیش ناهێڵن ئاخوند هەر دەم بکاتەوە. ئەگەر گەشەی زانکۆتان دەوێ، ئێوه تەنیا وازی لێ بێنن تا بۆ خۆی گەشه بکات.

ـ ئایەتوڵڵا میسباحی یەزدی، دەڵێ "له حکوومەتی ئیسلامیدا خەڵك ئازادن که ڕێگای ڕۆژڕەشی و بەدبەختی هەڵبژێرن".

ئەوه یەکەم جاره له پاش دێموکراسییه بەربڵاوەکانی ساڵی ٥٧ی نۆفل لووشاتۆ و بەهەشتی زەهرا جارێکی دیکه بەو شێوەیه دێموکراسی له ئێراندا تیۆریزه دەکرێت. جاری پێشوو دێموکراسی بو ئاوەدانکردنی قەبرستان بوو، ئەم جاره بزانین کوێی مەبەستە؟ ئەوەتا شێخ فتوای داوه که ئێمه ئازادین قوڕ به سەری خۆماندا بکەین، ئازادین که دەنگ به ویلایەتی فەقیه بدەین، ئازادین له نێوان میسباح و مەکارمی شیرازیدا یەکێکیان بکەینه بەرپرسی ئەشکەنجەدانی خۆمان. خوایه مردین لەو خۆشییه.

# بوومەلەرزەی موورمووری ئیلام

مووسا باباخانی

ڕۆژی دووشەممه ٢٦ی گەلاوێژ سەعاتی ٧و٢ خولەك به کاتی تاران، بوومەلەزەیەك شاری موورمووری له ئوستانی ئیلام لەراندەوه، ناوەندی ئەم بوومەلەرزەیه له ٣ کیلۆمێتریی موورمووری مۆسیان و٤١km دێهلوران له ئوستانی ئیلام بووه.

بوومەلەرزەی ڕۆژی ٢٦ی گەلاوێژ چەند بەشێك له ئوستانەکانی کرماشان، لورستان، مەرکەزی و خوزستانی لەراندووەتەوه.

«موئەسەسەی ژێئۆفیزیکی» تاران ڕایگەیاندووه بەهێزی ئەم بومەلەرزەیه شەش و یەك دەهوم پلەی ڕیشتێر له ئاستی شەپۆلەکانی نێو زەوی بووه.

هەروەها ئەو بوومەلەرزەیه تا ئێستا چەند دوا لەرزەی دیکەی بەدواوه بووه که بووەته هۆکاری ترس و دڵەڕاوەکێی هاووڵاتیان و له موورمووری و هێندی شوێنی دیکەی ئیلام، هەر بۆیه له چەند شوێنێك خەڵك له ترسی بومەلەرزه شەو تا بەیان له شەقامەکاندا بوون.

لەبەر لاوازی چاوچێوەی ئەو ماڵانه که بوومەلەرزەیان لێ دراوه، زۆربەی ئەو گوندانه وێران بوونه و به سەدان کەسیش بریندار و ڕەوانەی نەخۆشخانه کراون.

له گرفته سەرەکییەکانی ڕوودانی ئەو بوومەلەرزەیە، نەبوونی ئاوی خواردن بووه که له ڕوانگەی خەڵکەوه ڕەخنەیەك بوو لەسەر بەرپرسانی ڕێژیم لەو ناوچەیە واته بۆ دەبێ له ئوستانێك ئیمکاناتی وا نەبێ که بتوانن گرفتی بێ ئاوی یان کەم ئاوی چارەسەر بکرێ به جۆرێك که لەم ڕووداوەدا له ئۆستانی لورستان ئاوی خواردنیان بۆ خەڵك هێناوه هەروەها له شاری ئابدانانیش بوومەلەرزه هاتووه و بینای موخابراتی ئەوه شارەی به گشتی وێران کردووه. ئێستا به هۆی پچڕانی کارەبا و کەرەستەگەلی دیکەی پێوەندی، ئیمکانی گەیاندنی زانیاری لەسەر ئەو شوێنانەی ئابدانان بوونی نیه و خەڵکی ئەو ناوچەیەش تووشی بێ ئاوی بوونه.

خەڵکی ئابدانانیش هەروەك خەڵکی موورمووری له ترسی هاتنی بوومەلەرزه له نێو شەقامەکان دەخەون، خەڵکی موورمووری و ئابدانان زۆر لەوه ناڕازین، له پێڕاگەیشتنی ئۆرگان و ناوەنده پێوەندیدارەکان له ئوستانی ئیلام بەو دۆخه نالەبارەی که پاش بوومەلەرزه لەو شوێنگەله پێش هاتووه زۆر لاواز بووه. ئۆستانی ئیلام له هەژارترین ئۆستانەکانی ئێرانه، سەرەڕای سروشتی جوان که به بووکی زاگرۆس ناسراوه خاوەن سەرچاوەی ژێر زەوینی وەك گاز، واته ١٥ تا ٢٠ دەرسەدی گازی ئێران لەو ئۆستانەدایه، کەچی له هەژارترین ئۆستانەکانی ئێرانه و به پێش هاتنی ڕووداوێکی سروشتی وەك بوومەلەرزەی ئەم دواییانه بەرپرسانی ڕێژیم ئەو پەڕی کەمتەر خەمی خۆیان له هەمبەر ئاکامی ئەو ڕووداوه نیشانداوه که بووەته هۆکاری نارەزایەتی خەڵکی ئەو ناوچەگەله له بەرپرسانی ڕێژیم لەو ئۆستانه.



# پێنج پرسیاری بنەڕەتی لەبارەی شەڕ دژی داعشەوە

ن: تام چوین
و: کەیهان یووسفی

داعش کە بە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا ناسراوە، دیمەنێکی نوێیی لە تیرۆریزمی نێونەتەوەیی لە بەرامبەر چاوی ئامریکا و هاوپەیمانانی ڕۆژئاواییدا کێشا.

هەنووکە تەرکیز لە ئامریکا و وڵاتانی دیکە لەسەر ئەوەیە کە ئایا ئۆباما و ڕێبەرانی دیکە لەمبارەوە دەیانهەوێت چی بکەن؟

لێرەدا ٥ پرسیاری بنەڕەتی کە زۆر گرنگە دەخەینە بەرباس:

١) کێ جێمز فلۆیی کوشتووە؟

باڵوێزی بریتانیا لە ئامریکا، پیتر ویست ماکوت ڕۆژی شەممە بە سی ئێن ئێنی وتبوو کە بەرپرسانی فەرمی بریتانیا شوناسی ئەو چەکدارەی داعش کە سەری فلۆی، ڕۆژنامەوانی ئامریکایی کە ساڵی ٢٠١٢ لە سووریە دەستگیر کرابووی بڕیوە، بڵاو دەکەنەوە. ئەو نەیتوانی وردەکاری زۆرتر لە بارەی شوناسی بکوژەکە، ئەو کەسەی کە لە ڤیدیۆیەك کە لە چەن ڕۆژی ڕابردوو لە یۆتیۆبدا بڵاو کرابووەوە و خەریکی بڕینی سەری فلۆی بوو، باس بکات.

«ئێمە لە گەڵ گەڕان و بەدواداچوونێکی گەورەدا بەرەوڕووین»، ئەو وتی کە ئێمە بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسە لە تیکنۆلۆژییەکی زۆر پێشکەوتوو بۆ ئانالیزی دەنگی ئەو کەسە کەڵك وەردەگرین.

لە ڤیدیۆکەدا فلۆیی ٤٠ ساڵە، لە بەرانبەر پیاوێکدا کە جلی ڕەشی لەبەردایە کەوتۆتە سەر ئەژنۆ، ئەو بە پێی قسەی کارناسان بە شێوازێکی ڕوون و بە زاراوەی ئینگلیزی بریتانیایی دەدوێت.

کارناسانی زمان بە پێی لێدوانەکانی ئەم پیاوە لە ڤیدیۆکەدا، پێیان وایە کە ئەو لاوێکی تەمەن کەمتر لە ٣٠ ساڵانە. ئەوان هەر وەها دەری دەخەن کە ناوبراو لە تەمەنی لاویەتیەوە لە بریتانیا خوێندوویەتی و خەڵکی باشووری بریتانیا یان لەندەنە.

٢. ئایا ئامریکا هێرشە ئاسمانیەکانی خۆی بۆ سەر مۆڵگەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە سووریە پەرە پێ دەدات؟

گوشارەکان بۆ سەر ئۆباما دوای ئەوەیکە دەوڵەتی ئیسلامی لە هەر دوو وڵاتی عێراق و سووریە سنوورەکانی لە بەرچاو نەگرت و لە بنەڕەتدا سنوورێك لەو نێوەدا نەما، زۆرتر بوو.

**پیتر بێرگن شرۆڤەکاری ئاسایشی نێونەتەوەیی سی ئێن ئێن دەڵێت: «بە بێ کەڵک وەرگرتن لە هێزی سەربازی(مرۆیی) شکست دانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریە دەتوانێت دژوار بێت، زۆر شت بە ڕوونی دژی ئۆبامایە»**

حەوتووی ڕابردوو چاك هێگل وەزیری بەرگری و سەرۆکی ستادی هاوبەش ژنراڵ مارتین دیمپسی وتبوویان کە هێرش بۆ سەر دەوڵەتی ئیسلامی لە سووریە تەنیا ڕێگای شکست دانی سوننە جیهادییەکانە.

بۆ ئۆباما ئەم هەنگاوە دەتوانێت بە پێچەوانەی خۆبواردن و دووری کردنی ئەو بۆ ماوەی ٣ ساڵان لە دەستێوەردانی سەربازی لە سووریەدا بێت، هەرچەند کە لە ژێر گوشاری یەکێك لە وەزیرەکانی خۆیدا بوو، واتا هیلاری کلینتۆن، وەزیری پێشووی دەرەوەی دەوڵەتەکەی.

وتەبێژی کۆشکی سپی، جۆش ئێرنست ڕۆژی دووشەممە وتبووی کە : «ئۆباما نایهەوێت کە هیچ بڕیار یان فەرمانێکی سەربازی بۆ ئۆپراسیۆنی سەربازی لە سووریە دەربکات،» بەڵام ئەگەر و گوشارەکان هەروا بەردەوامن؟

لیندسی گراهەمن سێناتۆری کۆنەپارێزی کارۆلینای باشوور ڕۆژی دووشەممە وتبووی کە: «کۆشکی سپی لە هەوڵدایە بۆ لانیکەم کردنەوەی هەڕەشەکان، ئێمە لە گەڵ پاساوهێنانەوە بۆ نەگۆڕینی ستراتژییەکی شکست خواردوو، ڕووبەڕووین».

پیتر بێرگن شرۆڤەکاری ئاسایشی نێونەتەوەیی سی ئێن ئێن دەڵێت: «بە بێ کەڵك وەرگرتن لە هێزی سەربازی (مرۆیی) شکست دانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریە دەتوانێت دژوار بێت، زۆر شت بە ڕوونی دژی ئۆبامایە». ئەو هەروەها دەنووسێت کە دەستێوەردانی سەربازی لە سووریە دەتوانێت بەرەنجامەکەی دروستبوونی جوگرافیایەکی سەیر و سەرمەرە بێت.

بێرگن لە درێژەدا هەروەها دەڵێت: «دوو هێزی گەورەی شوێندار لە سووریەدا خەریکی شەڕن، ئەلقاعیدە یان گرووپە شوێنکەوتووەکانی و گرووپگەلێك وەکوو حیزبوڵڵای لوبنان کە ئێران پشتیوانیان دەکات.» کەوا بوو ئەگەر ئێوە دەستێوەردان بکەن، ڕەنگە ئێوە یارمەتی ئێران و حیزبوڵڵا و ڕێژیمی ئەسەد بکەن.»

ئۆباما پێشتر ڕاوێژکاری سەربازیی بۆ عێراق ناردبوو و بۆردمانە ئاسمانیەکانی بۆ پشتیوانی لەوان و گرووپە کەمینەکانی ژێر دەسەڵاتی شەڕکەرانی داعش لە باکووری عێراق ئەنجام دابوو.

وتە بێژی کۆشکی سپی لە هەفتەی ڕابردوودا وتبووی کە ئۆباما پێی باشە کە پێش لەوەی هەر هەنگاوێك لە سووریەدا هەڵبگرێت لە گەڵ کۆنگرێسی ئەم وڵاتە هاوفیکری و ڕاوێژ بکات. سەرۆك کۆمار هەروەها دەیهەوێت هاوپەیمانیەکی ئاسنین کە لە خۆگری هاوپەیمانە ناوچەییەکان و هەروەها پشتیوانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئۆرووپا و بەرپرسانی پلە بەرزی وڵاتەکەی کە هەڵوێستێکی ڕوونیان هەیە، تاوتوێ بکات.

٣) ئایا ڕێژیمی سووریە دەیهەوێت کە ئۆباما لەگەڵ یارمەتیدان بۆ شەڕی داعش دژایەتی بکات؟

ئۆباما دەیهەوێت کە بەشار ئەسەد لە سەر دەسەڵات وەلابنێ، بەڵام هەنووکە ڕێژیمی سووریە خەریکی شەڕ دژی ئۆپۆزیسیۆنێکە کە ئامریکا بەڵێنی داوە بۆ یارمەتی دان دژی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و سووریە هاوکارییان بکات.

وەلید موعەلم ، وەزیری دەرەوەی سووریە ڕۆژی دووشەممە ڕایگەیاند کە حکوومەتەکەی ڕەزامەندە بە نیسبەت پشتیوانی ئامریکا و وڵاتانی دیکە بۆ کارکردن لە ژێر چەتری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ شەڕ دژی تیرۆریستان(داعش).

موعەلیم وێڕای هۆشدار بە نیسبەت هەر چەشنە کردەوەیەکی یەك لایەنە یان بۆردمانی ئاسمانی لە خاکی سووریە بە بێ هاوکاری لە گەڵ ڕێژیمی سووریە ڕایگەیاند: «هەر هەوڵێك یان هێرشێك بۆ سەر تیرۆریستان دەبێت بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ڕێژیمی سووریە ئەنجام بدرێت.»

حەوتووی ڕابردوو هۆف فرێدریك شارەزا لە مەسایلی سووریە و ئەندامی پلەبەرزی ناتۆ وتبووی کە گرووپی ڕزگاریدەری ئامریکایی لە سەرەتای ئەمساڵدا بۆ دۆزینەوەی فلۆی بۆ سووریە ڕۆیشتبوون، بەڵام لە دۆزینەوەی ئەودا سەرکەوتوو نەبوون و بەڕێوەبردنی ئۆپراسیۆنی سەربازی لە سنووری عێراق بە لە بەرچاو گرتنی تێبینی یاسایی و لەوانە داواکاریی دەوڵەتی خانەخوێ(سووریە) لە گەڵ شکست بەرەوڕوو بوو.

هۆف هەروەها وتبووی کە : «ئەو چەشنە قەدەغەبوونە یاساییە کە ڕێگر بوو لە ئەنجامی هەرکارێك لە خاکی سووریە، هەنووکە وێدەچێت کە ئیدی نەماوە و با بردوویەتی».

پێشنیاری سووریەییەکان بۆ یارمەتی لە شەڕ دژی داعش دوای ئەوەوە دێت کە ڕێژیمی بەشار ئەسەد بەستێنی شەڕێکی نێوخۆیی لە سووریە ڕەخسان و پەرەی پێ دا. شەڕکەرانی داعش هێرشیان کردۆتە سەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووری و هێزە سەربازییەکانی ڕێژیمی سووریە و هەروەها بەشێك لە خاکی حکوومەتی سووریەیان کۆنترۆڵ کردووە. سەربازەکانی ئەسەد لەم دواییەدا هێرشی ئاسمانیان دژی بنکەکانی داعش ئەنجام داوە و هۆف شی دەکاتەوە کە قەیران لە نێوان گشت گرووپەکان لە سەر پارە ـ لەم بارەوە ئەو بیرە نەوتانەی کە داعش کۆنترۆڵی کردووە - هاتۆتە ئاراوە.

٤) ئایا داعش دەیهەوێت هێرش بکاتە سەر ڕۆژئاوا؟

هەندێك کەس لە ئامریکا و بە تایبەت ڕەخنەگرانی باراك ئۆباما، پرسیارێك نە بە ئەگەر و ئایا، لەبارەی کاتی هێرشی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ سەر بەرژەوەندییەکان و تەنانەت خاکی ئامریکا دەخەنە بەرباس.

میشێل هایدێن، سەرۆکی پێشووی سی ئای ئەی ڕۆژی شەممە بە سی ئێن ئێنی وتبوو کە : «دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریە، ڕێکخراوێکی ناوچەیی زۆر بە هێزە و ڕەنگە و بەڵگەمەندیش بە هێزترین گرووپی تیرۆریستی ناوچەیە، بەڵام ئەم ڕێکخراوە فرەخوازی نێونەتەوەیشی هەیە و ئامرازی ئەم کارەشی لە بەردەستدایە.»

هیچ هاوڕاییەکی ڕوون لە نێو کۆمەڵگایەی زانیاریی لەبارەی ئەوەیکە ئایا داعش لە حاڵی حازردا توانایی زەربە لێدان و هێرش بۆ سەر ڕۆژئاوای هەیە، بوونی نیە.

ئەم وتانە مەبەستی هایدێن بوو کە دەڵێت: «هیچ ڕێگایەکی زۆر بە هێز بۆ نیشاندانی بەڵگەیەکی جێی متمانە لە نێو کۆمەڵی جیهادی لە مەڕ ڕەزامەندی ئەوان بۆ هێرش بۆ سەر ڕۆژئاوا بوونی نیە.»

٥) ئایا دەتوانرێت ڕەوتی پارەی دەوڵەتی ئیسلامی ڕابگیردرێت؟

دزی لە بانك، ڕفاندنی منداڵ، قاچاغ، فرۆشتنی نەوت لە بازاڕی ڕەش . مەجالی وەدەست خستن و دۆزینەوەی پارەی بۆ ئەم ڕێکخراوە لە زۆر ڕێگاوە ڕەخساندووە.

بەرپرسان دەڵێن کە ئەم گرووپە دەتوانێت لە ڕۆژدا نزیك بە ٣ میلیۆن دۆلار نەوت بە نرخکێکی زۆر نزم لەو بیرە نەوتیانە کە لە عێراق کۆنترۆڵی کردووە بە دەست بێنێت. ئەم پارەیە هەروەها دەستبەسەردا گرتنی میلیۆنها دۆلاری دزراو لە بانکەکان و لەوانە بانکی ناوەندی عێراق لە مووسڵیش لە خۆ دەگرێت.

هاوپەیمانانی ڕۆژئاوایی دەتوانن داهاتەکانی ئەم گرووپە لە ڕێگەی نەدانی غەرامەی شەڕ بۆ ئەو هاووڵاتیانەی کە دزراون و گوشار بۆ سەر حکوومەتە ناوچەییەکان بۆ ڕاگرتنی ئەو پارانەی کە بۆ تەندروستی هاووڵاتیان بۆیان بەڕێ دەکەن، کەم بکەنەوە.

ماری هارف وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا حەوتووی ڕابردوو ڕایگەیاندبوو کە ئامریکا لە گەڵ حکوومەتگەلی ناوچەیی و لەوانە کوەیت، قەتەر و عەرەبستانی سعوودی خەریکی ڕاگرتنی داهاتەکانی ئەم گرووپە و بە قسەی ئەوان ئەوەی کە پێ دەوترێت هاوکاری زۆر نەهێنییە.

سەرچاوە: CNN

# داوودئۆغلۆ هەوڵ بۆ سفر کردنی کێشەکان دەدات

شەهاب خالیدی

سەرکەوتنە یەك لە دوای یەکەکانی AKP لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی و پارلەمان و هەروەها لە ڕیفراندۆم بۆ پێکهێنانی کۆمەڵێك ڕیفۆرم لە یاسای بنەڕەتیی تورکیەدا، دەسەلمێنن کە AKP بە هۆی کەمیی کێشە لە نێو ئەندامەکانی خۆیدا لە چاو حیزبەکانی دیکەی ڕکابەری خۆی و هەروەها بە هۆی ڕچاوکردنی سیاسەتێکی جیاواز لە سیاسەتی حیزبە سوننەتیەکانی چەپ و ڕاست و نەتەوەپەرەستەکانی پێش خۆی . کە ئەو حیزبانە بۆ تورکیاییەکی ناوەندگەرای ئەوتۆ کاریان دەکرد کە تێیدا نەتەوەی تورك باڵادەست بێ، کە ئاکامی ئەو سیاسەتەش کودیتا و نائارامی و شەڕ و خوێنڕێژی لەو وڵاتەدا بوو . توانی پێگەی خۆی لە نێو خەڵکی خۆیدا بەهێز و بەهێزتر بکات. چونکە خەڵکی ئەو وڵاتە و نەوەی نوێی تورکیە، تورکیەییەکیان دەوێ کە تێیدا ئاسایش و گەشەی ئابووری و ژیانێکی ئاسوودە هەبێ.

سەرکەوتنی ئەم جارەی ئەردۆغانیش لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا ئەم ڕاستیەی سەلماند کە سەرەڕای هەبوونی کێشەگەلێکی زۆر لە سەر ڕێگای ناوبراو، هەر ئێستاش لە نێو خەڵکدا ناوبراو پێگەیەکی بەهێزی جەماوەریی هەیە. بەڵام دوای ئەوەی کە داوودئۆغلۆ بوو بە سەرۆك وەزیران، ئەو پرسیارە کە ئاخۆ داوودئۆغلۆش هەر لە سەر بناغەی سیاسەتەکانی پێشووی ئەردۆغان کار دەکات، یان سیاسەتێکی جیاواز دەگرێتە پێش، مێشکی زۆر لە سیاسەتڤانان و میدیاکارانی جیهانی بە خۆیەوە خەریك کردووە.

داوود ئۆغلۆ کە بۆ خۆی لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە تا ساڵی ٢٠٠٩ ڕاوێژکاری سەرۆك وەزیران و سەرۆك کۆماری تورکیە بووە، و لە ساڵی ٢٠٠٩ەوە وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیە بووە، و ئەردۆغانیش وەك سەرۆك وەزیر لە سەر بنەمای پێشنیارە سیاسی و ئابوورییەکانی ناوبراو کاری کردووە، هەر بۆیە چاوەڕوان دەکرێ کە ئێستاش ناوبراو وەك سەرۆك وەزیرانی تورکیە، هەر لە سەر ئەو ڕێچکەیە بەردەوام بێ، بۆ ئەوەی کە «ڕەوتی ئاشتی» بگەیەنێتە ئاستێکی باش. بە تایبەتی کە ئێستا باس لەوە دەکرێ کە ڕەنگبێ بەڕێز ئۆجەلان، بۆ یەکەم جار پەیامێکی ڤیدیۆیی بۆ قەندیل بنێرێ و جەمیل بایاکیش ئامادەیی قەندیلی بۆ دانووستانی ڕاستەوخۆ لە گەڵ دەوڵەت ڕایگەیاندوە . و هەروەها هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی کێشەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئەرمەنستان و یوونان و ئیسرائیل بە وتەی خۆی بگەیەنێتە ئاستی «سفر» و لەگەڵ کوردستانی باشووریش پەیوەندییەکی بەهێزتر لە جاران دابمەزرێنێ و دژایەتیی دیاریکردنی مافی چارەنووس بۆ کوردستانی باشوور نەکات و هەوڵی جیدی بدات بۆ بەئەندامبوونی تورکیە لە یەکیەتیی ئەورووپادا.

بەڵام بۆ ئێمەی کورد پرسی هەرە گرینگ، هەنگاوهەڵگرتنی بە کردەوە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد و دژایەتی نەکردن لەگەڵ دیاریکردنی مافی چارەنووسی کوردستانی باشوور لە لایەن داوودئۆغلۆ و حیزبەکەی ناوبراوەوەیە. بێ گومان ئەگەر داوودئۆغلۆ و حیزبەکەی بە تەنیا چارەسەرکردنی پرسی کورد لە چەکدانانی PKK و چۆڵکردنی قەندیل لە لایەن ئەوانەوە ببینن، ئەمە ئەوکات چاوەڕێ دەکرێ کە ئەو پێڤاژۆیە درزی تێبکەوێ. بەڵام ئەگەر هەنگاوی بە کردەوە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد ـ نەك تەنیا پرسیPKK ـ هەڵبگیردرێ، هەم تورکیا هەنگاوێك زیاتر بە بەئەندامبوون لە یەکیەتیی ئەورووپادا نزیك دەبێتەوە و هەمیش دەتوانێ خێراتر لە ڕابردوو ڕەوتی پێشکەوتنی خۆی لە بواری سیاسی و ئابووریدا بپێوێ و دەتوانێ ببێتە نموونەیەکی زۆر باش بۆ وڵاتانی ناوچەکە لە بواری سیاسی، ئابووری و پێکەوە ژیانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای تورکیە بە هەر نەتەوە و ئایینێکەوە بێ.



# سیاسەتی چەواشەکارانەی یەک بان و دوو هەوای ڕێژیمی ئێران

**کانیاو**

پاش ڕووداوی موسڵ و خۆبەدەستەوەدانی سوپای عیراق لە ناوچە سوننە نیشینەکان و کونترۆڵ کردنی پارێزگاکانی سوننە لە لایەن داعش و عەشیرە سوننەکانەوە و خۆ ئامادە کردنیان بۆ گرتنی بەغدا، پێوەندییەکانی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەوپەڕی ئاڵوزیدا بوو. بەڵام پاش بادانەوەی هێرشەکانی داعش لە نزیك بەغداوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و نزیك بوونەوەی شەڕ لە هەولێر، دۆخێکی لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکەدا هێنایە کایەوە کە ئامریکای ناچار کرد، بێتە هاوکێشەیەکی مەیدانی بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بگۆڕێ. بوونی ئەمریکا و هێرشی ئاسمانیی ئەو وڵاتە بۆ سەر داعش و پاراستنی خاکی کوردستان، ئۆرووپاشی وەجووڵە خست کە لە شەڕ بە دژی داعشدا بەشێوازی جۆراوجۆر بەشداریی بکات. هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەو ناوچەیەی کە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە بەشێکی سەرکەوتوو لە عێراق ناوی دەبەن، ئاڵوگۆڕی لە نێو یارییە سیاسییەکانی ناوچەکەدا پێکهێنا. ناردنی ڕاستەوخۆی چەك و تەقەمەنی بۆ هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، دۆخەکەی بە قازانجی پاراستنی هەرێمی کوردستان گۆڕی. ئێستاکە دیپلۆماسیی جیهانی ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش دەیەوێت لەو یارییەدا بەشدار بێت. هەر بۆیە ڕێژیمی ئێران بە فیڵ و تەڵەکە خۆی خەزاندە نێو یارییەکەوە. بەڵام ئامانج و سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەشداریی لە یارییەکە و لە یارمەتیی سەربازیی بە هەرێمی کوردستان، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ داعش، لە لایەك بۆ مانەوەی لە هەرێمی کوردستان و گۆڕینی پارسەنگی هێزە کوردییەکان لەو هەرێمەدایە و لە لایەکی دیکەوە بۆ گوشارهێنانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان تا پێش بە ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی ئێران و بە تایبەت پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شەڕ بە دژی داعش و بەرگری لە خاکی هەرێمی کوردستان بگرێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە سیاسەتی فەرمی ڕێژیمی ئێران لە نێوخۆی وڵاتدا لەمەڕ کێشەی کورد، سەرکوت و خەفەقان و نکۆڵی کردن لە ویستە ڕەواکانی نەتەوەی کوردە. بۆ ئەم مەبەستەش ناڕاستەوخۆ یارمەتی سەرهەڵدانی ئیسلامییە توندڕەوەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەدا تا لە لایەك ببێتە هۆی ئەویکە بوونی هەستی مافویستی و نیشتمانپەروەری لە کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا سەرکوت بکا و لە لایەکی دیکەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ دەدا خەباتی ڕەوای نەتەوایەتیی و دێموکراتیکی کورد لە ڕێگای هاندانی تاقمە توندڕەوەکان بۆ بشێوی و کردەوەی تیرۆریستی، خەوشدار بکات.هەر بۆیە توندڕەوەکانی کوردستان هان دەدا کە لە شارەکاندا بشێوی و کردەوەی تێکدەرانە بەڕێوە ببەن و پشتیوانی لە داعش و تاقمی ئەلقاعیدە بەکەن تا ڕێژیم بە بیانوی گرتنی ئەندامانی ئەو تاقمانە دەستی لە ڕاودوونان، گرتن، زیندانی کردن و ئیعدامی ڕۆڵە نیشتمانپەروەرەکانی کورد ئاوەڵاتر بێ و لە دنیای دەرەوەدا تۆمەتی تیرۆریستیان لێ بدا. هەر بۆیە ناردنی چەك و هێزی سەربازی لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لە لایەك بۆ لاوازکردنی هەرێمی کوردستان و سازکردنی کێشە لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئامریکا لەمەڕ پشتگوێ خستنی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان لە سەر ئێران لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە و لە لایەکی دیکەوە ڕێژیمی ئێران هەوڵ دەدا کە کێشەکانی خۆیان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا لە هەرێمی کوردستان یەکلا بکاتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ تێچوویەکی بۆ ڕێژیم هەبێ. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەم بارودۆخەدا هەرێمی کوردستانێکی لاوازی دەوێت، چونکە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران لەسەر ئەو بڕواین کە ناردنی چەك لە لایەن ئەمریکاوە بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ چەواشەکاری و لادانی ڕای گشتییە لە پرسی غەززە، هەر بۆیە جواد زەریف لە هەولێر دەڵی: یەکپارچەیی خاکی عێراق بۆ ئێمە گرینگە. مەبەستی ڕێژیمی ئێرانیش زۆر ڕوونە لە یەکپارچەیی خاکی عێراق، ئەویش دەوڵەتێکی بەهێزی شیعەی بەستراوە بە خۆیەتی. هەروەها لە کاتێکدا ئەمریکا و هەندێك وڵاتی ئورووپای بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان لە ئاسمان و خاکی هەرێمەوە ڕووبەڕووی داعش بوونەتەوە، کۆماری ئیسلامی لە ژێرەوە خەریکە بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی عێراق ڕێك بخاتەوە. بەڵام ئەوی گرینگە ڕێژیمی ئێران ناتوانێت بارودۆخەکە بۆ پاش ڕووداوی موسڵ بگەڕێنێتەوە. ئەگەرچی بارودۆخی ئێستا عێراق و ناوچەکە زۆر ئاڵۆزە و هەرێمی کوردستانی تووشی دانووستاندنی سیاسی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران کردووە، بەڵام مەنتقی سیاسەت وا دەخوازێت کە پێویستە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان، زۆرترین بەرژەوەندی لەو دانووستاندنەدا بۆ هەرێمی کوردستان دابین بکەن. چونکە پاش ڕووداوی موسڵ ڕێژیمی ئێران گلۆڵەکەی کەوتە لێژێ و بۆی خڕ نەبووتەوە. ئیبتیکاری عەمەلی لەدەست دەرچووە، ڕۆڵی لە عێراق بە تین و تاوی جاران نەماوە. هەر بۆیە دەیەوێت دەورێ جاران لە عێراق وەرگرێتەوە، بەڵام هەرێمی کوردستان ئەمجارە توانی پشتیوانیی جیهانی لە ئاستێکی بەریندا بۆ خۆی مسۆگەر بکات. هەر بۆیە دەبی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەوە بە باشی بزانێ، کە شەڕی هەرێمی کوردستان بە دژی داعش، شەڕێکی مەزهەبی نییە، بەڵکو شەڕێکە بۆ پارێزگاری لە خاك، ئازادی، دێموکراسی، مافی مرۆڤ و پێکەوەهەڵکردنی گەلانی هەرێمی کوردستان بە هەموو ئایینزاکانییەوە.



# به بۆنەی ڕۆژی جیهانیی نەهێشتی کۆیلایەتی

**هیوا میرزایی**

٢٣ی ئاگۆست بە بۆنەی پەسەند کردنی کونوانسیۆنی پێشگیری لە قاچاخی مرۆڤ، بێگاری کێشان و خۆفرۆشی لە ساڵی ١٩٤٩ وەك ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی کۆیلایەتی دیاریکرا و ئامانجی سەرەکی دیاریکردنی ئەم ڕۆژە لە نێوبردنی شێوازە ئەمڕۆیییەکانی کۆیلایەتی وەك قاچاخی مرۆڤ، کەڵکاژۆی جینسی، کاری زۆرەملی منداڵان، پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی زۆرە ملی، بە سەربازکردنی زۆرەملی منداڵان بۆ بەشداریی لە تێکهەڵچوونە چەکدارییەکانە.

مێژووی کۆیلەداری دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا و بە واتایەکی دیکە کۆیلەداری و کۆیلایەتی گرێدراوە بە مێژووی بوونی مرۆڤ لە سەر گۆی زەوی و هەمیشە لە شارستانیەتەکاندا چینێك هەبوون کە لە ڕووی مافەوە لە کۆمەڵگادا هیچ مافێکیان نەبووە و بەشێك بوون لە سەرمایە و سامانی خاوەنەکانیان و ئەم کەسانە بە هۆی جۆراوجۆرەوە وەك هێرش بۆ سەر ناوچەیەکی دیکە و بە دیلگیران، ڕفاندن و پێگەی نزمی کۆمەڵایەتی دەکرانە کۆیلە و خاوەنەکانیان هەر جۆرێك کە پێیان خۆش بوایەت لەگەڵیان هەڵسووکەوتیان دەکرد و هەر کات حەزیان لێ بووبایەت ئەوانیان دەفرۆشت.

هەر چەند بە ڕواڵەت لە ئەمڕۆدا نە شتێك بە ناوی کۆیلەداری باوی ماوە و نە شتێکی جێگەی پەسەندی کۆمەڵگای مەدەنییە بەڵام لە واقێعدا ئێستایشی لەگەڵدا بێ هەوڵی بە کۆیلەکردن لە لایەن دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان لە ئارادایە بەو مانایەکە هەوڵی ئەوە دەدرێ کە خەڵکی کۆمەڵگا وا بار بهێنن کە بە شێوەی خۆڕسك و هێندێکجاریش کەڵکوەرگرتن لە گوشار ئەوان ملکەچی دەسەڵاتی خۆیان بکەن و هەر جۆرە کە پێیان خۆشە هەڵسووکەوتیان لەگەڵ بکەن و ئەوان بکەنە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، کە دەکرێ وەك نموونە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێننەوە کە لە ماوەی تەمەنی دەسەڵاتداری خۆیدا بەردەوام و بە شێوەی سیستماتیك و لە ڕێگەی پەروەردە و فێرکردن و ڕاگەیەنە گشتییەکان و هێزە داپڵۆسێنەرەکانی خۆیەوە هەوڵی ئەوەی داوە خەڵکی ئەم وڵاتە بکاتە ملکەچی بێ ئەملاو ئەو لای خۆی و ئەوان بکاتە قوربانی بەرژەوەندیی کەمایەتییەکی ئاخوند و سیستمێکی دواکەوتووی سەدەنێوەڕاستی.

کۆماری ئیسلامی وەك حکوومەتێکی دیکتاتۆر و دواکەوتوو لە سەر بنەمای تێڕوانین و بیرکردنەوەی ویلایەتی فەقیهی دەسووڕێتەوە و خەڵك و پێگەی ئەوان لەم حکوومەتەدا تەنیا و تەنیا دەبێ ملکەچی و گوێڕایەڵی بێ بۆ دەسەڵاتداران و لە سەروەی هەموویان ویلایەتی فەقیه لەم سیستمەدا و پێناسەی ڕاستەقینەی خەڵك لەم وڵاتەدا دەبێتە ڕەعیەت و کۆیلەی دەسەڵاتداران و تەنیا لە بۆنە و ڕێپێوان و بە ناو هەڵبژاردنەکانی ڕێژێمدا خەڵك لە لای دەسەڵاتداران و بۆ ڕەواییدان بە ڕێژیمەکەیان ئاوڕیان لێدەدرێتەوە ودوای تەواو بوونی ئەمانە دیسان بە تێڕوانینی حاکمانی ئێران خەڵك دەبنەوە بە کۆیلە و ئەوانیش دەبنەوە بە هەمان خاوەنە هەمیشەیەکانی ئەوان و هەر جۆرێك کە پێیان خۆش بێت و بێ لە بەرچاو گرتنی بیروڕای نێوخۆیی و جیهانی ئەو کەسانەی کە هەوڵی ڕزگاربوون لەم دۆخەدەدەن لە زیندانەکان دەکرێن و بە تاوانگەلێکی سەیروسەمەرە ئێعدام و ئەشکنجە و هێندێکجار بە وەرگرتنەوەی ناسنامە لە هەموو ئەو مافەکانیان بێبەش دەکرێن.

لە جیهانیشدا گرووپگەلێکی بناژۆخوازی وەك «بوکو حەرام» و «داعش» هەوڵدەدەن مرۆڤ و مرۆڤایەتی بگەڕێننەوە بۆ سەدە نێوەڕاستییەکان و بە ڕفاندنی ژنان و فرۆشتنی ئەوان لەم سەدە هاوچەرخەدا جارێکی دیکە مرۆڤ بگەڕێننەوە بۆ سەدە تاریکەکانی ژیان و بە ناوی دین کۆیلەداری و بە کۆیلەکردنی تاك و کۆمەڵگا پەرە پێدەدەن.

بانکی مون سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەیاننامەیەك بە بۆنەی ڕۆژی نەهێشتنی کۆیلایەتی دەڵێت: «زۆر گرینگە کە ئێمە بۆ کۆتایی هێنان بە کۆیلایەتی مودێڕن هەوڵێکی زۆرتر بدەین چوونکە ئەم پرسە هەمیشە توێژە هەژارەکان و ئەو گرووپانەی کە لە کۆمەڵگادا دوورخراونەتەوە وەك پەنابەرەکان، ژنان، کەمایەتییە ئیتنیکییە خێلەکییەکان و خوجێییەکان دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە».

هۆکارە بنەڕەتییەکانی کۆیلایەتی لە سەدەی ئێستادا دەگەڕێتەوە بۆ هەژاریی و نابەرابەرییە ناوچەییەکان و دەستپێڕانەگیشتنی بەشێکی زۆری خەڵکی جیهان بە خوێندەواری و بژێوێکی گونجاو و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و هەر ئەمە وایکردووە کە بە پێی ئامارەکانی ڕێکخراوی جیهانیی کار(ILO) لە ئێستادا ٢١ میلیۆن ژن، پیاو و منداڵ تووشبووی جۆرە جیاوازەکانی کۆیلایەتین لە دونیادا و بۆ نەهێشتن و بنبرکردنی کۆیلایەتی پێویستە هەموو وڵاتانی جیهان هەوڵێکی جیددی تر بدەن و ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ بگرن و ببنە بەربەست لە ڕێگەی ئەو گرووپ و دەوڵەتانەی کە بە هەر ناوێك و لە ژێر هەر ئیدۆلۆژێکدا بوونەتە بەربەست لە ڕێگەی ئازادی و ژیانێکی خۆش و بە تاڵانبردنی سەروەت و سامانی خەڵك و هەژار هێشتنەوەیان.



# شەنگال و کوبانی
# زامێکی مێژویی لە جەستەی نەتەوەیەک

**شەماڵ تەرغیبی**

ڕەنگە ئەگەر بڵێین هیچ شتێك لەم جیهانەدا بەدەر لە مێژوو نیە، زێدەڕۆیی نەبێت، بە پێچەوانەشەوە خۆی لە خۆیدا هێمایەك بێت بۆ ڕۆڵی هەرە مەزنی مێژوو لە پێکهاتەی نەتەوەیەکدا. ئێمەی کوردیش هەر لە سەردەمە کۆنەکانەوە، جا چ لە لایەن دەوڵەتە خۆسەپێنەکانەوە بووبێت یان بە هۆی کەم توانایی خۆمان لە باری خوێندنەوەی واقیع بینانەی هاوکێشە سیاسی و ئابوورییەکان، سەرکوت و چاوترسێن کراوین و بە نامرۆڤانەترین شێوازەکان هەڵسوکەوتمان لەگەڵ کراوە و تەنانەت سەرەتاییترین مافەکانمان و یەك لەوان مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی نەتەوەکەمان لێ زەوت کراوە. هەر لەسەر ئەم بنەمایەیە کە هەنووکە نیشتمانەکەمان و گەلە بەشخوراوەکەمان پارچە پارچە کراوە، هەر بۆیە ئەرکی سەرشانی نەوەی ئەمڕۆی کوردستانە کە هەوڵی یەکخستنی گوتاری نەتەوەیی بدات و بەرژەوەندییە باڵا نەتەوەییەکان بکرێتە زامنی یەکبوونی نەتەوەیی، هیچ نەبێ لە باری زەینییەوە دەبێ بەرنامە و پیلانی ناحەزانی کورد بکەینە بڵقی سەر ئاو کە دەیانهەوێ پارچە پارچە کردنی کوردستان و نەتەوەی کورد بکەنە ئەمری واقیع و لە گۆڕان نەهاتوو. وتەیەکی کۆن هەیە کە دەڵێ مێژوو دووپات دەبێتەوە. ئەم ڕاستیە لە سەدەی ٢١دا جارێکی دیکە لە کوردستان وەڕاست گەڕا. ناحەزان و نەیارانی گەلی کورد جارێکی دیکە لە شەنگال و کوبانی، پرۆسەی کورد قڕانیان هاوشێوەی جینایەتەکانی قارنێ و قەڵاتان و هەڵەبجە و دەرسیم و قامیشلۆ، دەست پێکرد و بوونە مایەی ماڵوێرانی هەزاران تاکی کورد کە تەنیا تاوانیان وەك هەمیشە کوردبوونیان بوو. ئەم زامە تازە، برینە سارێژنەبووەکانی کوردەکانی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان کولاندەوە و ڕندۆك و فرمێسکی خوێناوی لە چاویاندا هێنایە خوارێ.

بەڵام ئەمجارەش هاوشێوەی کۆڕەوی کوردانی باشوور، ئەوە گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو کە بە هەست بە بەرپرسیارەتی کردنی لە هەمبەر چارەنووسی خوشك و براکانی و بە هۆی شعوور و تێگەیشتنی باڵای نەتەوەییەوە، بوێرانە هاتە مەیدان و هەم بە داعشەکان و هەمیش بە هاوڕەگەزە ڕیشدارەکانی لە تاران سەلماند کە کورد یەك نەتەوەیە و کوردستانیش یەك وڵاتە.

کرمانشان، ئیلام، ڕوانسەر، جوانڕۆ، سنە، سەقز، مەهاباد، سەردەشت، نەغەدە، و مەریوان، ناوی چەند شاری کوردستان بوون کە لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا بە بێ گوێدان بە هەڕەشە و گوڕەشەکانی تەوەرە ڕیشدارەکانی تاران بە ئەنجامدانی چالاکی جۆربەجۆر لە مەڕ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ لێقەوماوانی شەنگال و کوبانی جارێکی دیکە هەوڵی سارێژکردنەوەی ئەم زامە نوێیە مێژووییەیان لە جەستەی نەتەوەکەیان دا. ئەو خەڵکە کوردپەروەر و زێدە خۆشەویستە بە وەرێخستنی ڕێپوانی ناڕەزایەتی دژ بە تیرۆریزمی داعش، وەرێخستنی کەمپەین بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی، ئەنجامدانی چالاکیی هونەری و وەرزشی و تەنانەت فرۆشتنی گوڵ و بۆیاخکردنی پێڵاو، پاڵپشتییە مەعنەوی و ماددییەکانیان ڕەوانەی کچ و کوڕ و پیاوانی ئاوارەبووی شەنگال و کوبانی کرد و بە سینگێکی فراوان و دڵێکی ئاوەڵاوە یارمەتییەکانیان پێشکەش بە ئاوارەکانی گیرساوە لە هەرێمی کوردستانی باشوور کردووە کە جێگەی ڕێز و پێزانینە و نیشاندەری هاوپێوەندی و یەکهەڵویستی گەلی کوردە. هەرچەند کە کۆماری خوێن و سێدارە زۆری هەوڵدا کە ئاقاری ئەم جووڵە و بزاوتە سەرانسەرییە لە کوردستان بەرەو «غەزە» بگۆڕێت بەڵام وەڵامی هاووڵاتیانی کورد کە گوتیان: «ئێمە یارمەتی کەسێك نادەین کە بۆ خۆیان دەمانکوژن و ئاوارەمان دەکەن» ، شیاوترین هەڵوێستە کە مێژووی گەلی کورد دەتوانێ شانازی پێوە بکات.



# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No: 636 ▪ 6 Sep 2014

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


زایەڵە

## دانووستانە ناوکییەکانی ئێران

فاتێح ساڵحی

دانووستان پرۆسەیەکە کە لەوێدا هەر لایەنێکی پێوەندیدار هەوڵ دەدا تا قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ئەنجامی ئەو دانووستانەدا دابین بکات. دانووستان بە ئامانجی دەستپێڕاگەیشتن بە بەرژەوندەی بەرێوە دەچێت. دانووستانکارە شارەزاکان بە گشتی لەم بوارەدا پسپۆڕن و بەردەوام لە هەوڵدان کە لە ڕێگەی دانووستانەوە قازانجەکانی خۆیان بپارێزن و لەم بوارەدا و لە ئەنجامی پاراستنی قازانجەکانیاندا، کۆی بەرژەوەندییەکانیان دابین بکەن و لەم پێناوەشدا کۆمەڵێك بەرژەوەندی نوێ بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

ڕوانگەیەك بوونی هەیە کە دەڵێ دانووستان خاوەنی چوار توخمی سەرەکییە واتە، ئیستراتیژی، پرۆسە، کەرەستە و تاکتیکەکان. ئیستراتیژی ئامانجە کەلانەکان لە خۆی دەگرێ. پرۆسە و کەرەستەکان ئەو کار و کردەوانە لە خۆی دەگرێ کە دەتوانرێ بۆ چەنەلێدان لە ڕەوتی دانووستاندا بەکار بهێنرێن، تاکتیکیش ئەو لێدوانە وردبینانە و هەروەها ڕوونانە و کۆمەڵێك کردەوە دەگرێتە خۆی کە لە هەڵوێستی لایەنەکانی دانووستاندا خۆی دەنوێنێ.

کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لە مێژووی خۆیدا سەلماندوویەتی کە بەردەوام لە دانووستان وەك ئامرازێکی گرینگ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کەڵك وەردەگرێ و لەم نێوانەدا بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە و دابین بوونی بەرژەوەندییەکانی لە هیچ کردەوەیەك سڵ ناکاتەوە و لە هیچ ئیشێکی تێکدارانە و نامرۆییانە دریغ ناکات. ئەم لێڕوانینە نامرۆییانە لە هەمبەر دانووستاندا لە ڕوانگەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە لە بەکارهێنانی دانووستان بۆ تێرۆری کەسایەتییە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە جوانی خۆی دەنوێنێ.

بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ دۆسیەی ناوکی ئێراندا، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی زۆر بە توندی هەوڵیان داوە تا ئەو شوێنەی کە بۆیان دەکرێ ماوەی دانووستانەکان درێژ بکەنەوە تا لەم ڕێگەیەوە بتوانن بە ئامانجی سەرەکی خۆیان کە نەزۆك کردنی هەوڵە جیهانییەکانە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئێرانێکی ناوکیدایە، بگەن.

بە بێ هیچ ئەملاو ئەولایەك ئامانجی ئێران لە بەدواداچوونی پرۆگرامە ناوکییەکانی ڕوونە و کەس ناتوانێ حاشای لێ بکات. بەڵام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و لێژنە دانووستانکارەکانی کە بە تاکتیکێکی زۆر ئاشکرا ناوە ناوە گۆڕانیان بەسەردا دێت، سەرەڕای هەموو ئەو گەمارۆیانەی کە دژی بەرنامەی گومانایی ناوکیی ئێران گیراوەتە بەر و بەردەوامیش لیستی گەمارۆکان و کەسانی گەمارۆدراو زیاد دەبن، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان کە بە بەکارهێنانی کارتەکانی گوشاری خۆیان، وەك تێکدانی باری ئەمنی ناوچەکە و هەڵایسانی شەڕێکی ناوچەیی و تایفی، بیروڕای گشتی جیهان و لایەنەکانی دانووستانکار لە دۆسییەی ناوکی ئەو وڵاتەدا بەڵاڕێدا ببن و تا ئەو شوێنەی کە پێیان دەکرێ بە دانی وادە و وەعیدی هاوکاریی کردن لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئاژانسی وزەی ناوکی و هەروەها هەوڵدان بۆ چارەسەری ئەو قەیرانانەی کە لەڕاستیدا خۆی خولقاندوویەتی، لە دانووستانەکان پشوو وەربگرن و بۆ ماوەیەکی دیکە درێژ بکەنەوە و ئەم ڕەوتەش بە دڵنیاییەوە لە خولی داهاتووی دانووستانەکانی ئێران و وڵاتانی پێنج زێدە یەك بەردەوام و درێژەی دەبێت.

## جیهان لە بەرامبەر ئیبۆلادا دەدۆڕێت




سەرۆکی ڕێکخراوی پزیشکانی بێ سنوور ڕایگەیاند کە دوای شەش مانگ لە فراوانترین بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە مێژوودا، جیهان جەنگی کۆنترۆڵکردنی ڤایرۆسی ئیبۆلا دەدۆڕێنێت.

ئەمڕۆ جوان لیۆ سەرۆکی ڕێکخراوی پزیشکانی بێ سنوور لە وتەیەکدا لەبەردەم وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان وتی: «گەر وڵاتە دەوڵەمەندەکان تیمی پزیشکی پسپۆڕ لە مامەڵەکردن لەگەڵ کارەساتە بایۆلۆژییەکان بۆ وڵاتانی خۆرئاوای ئەفریقا نەنێرن، فراوانترین شەپۆلی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی ئیبۆلا ڕاناگیرێت».

جوان لیۆ ئاماژەی بەوەدا کە ڕێکخراوە فریاگوزارییە خێرخوازییەکان و حکومەتەکانی خۆرئاوای ئەفریقا توانای ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشییەکەیان نییە و پێویستی بە دەستێوەردانی وڵاتانی بیانییە.

لای خۆیەوە جیم یۆنگ کیم سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی مامەڵەی وڵاتانی خۆرئاوای لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەدا لە وڵاتانی خۆرئاوای ئەفریقا بە «کارەسات» ناوبرد و وتی: «ژمارەیەکی زۆر خەڵك بێ هودە دەمرن».

کیم لە وتارێکدا کە ئەمڕۆ بڵاوکراوەتەوە، وتی: «دامەزراوە تەندروستییەکانی خۆرئاوا دەتوانن زۆر بە ئاسانی سنوورێك بۆ ئەو نەخۆشییە دابنێن»، هانی وڵاتە دەوڵەمەندەکانیشی دا و بە پێدانی زانیاری و ناردنی تیمی پزیشکی پسپۆڕ، هاوکاریی وڵاتانی ئەفریقا بکەن بۆ لەنێوبردنی ئیبۆلا.

بەهۆی ڤایرۆسی ئیبۆلاوە کە ١٩٧٦ لە نزیك ڕووباری ئیبۆلا لە کۆماری کۆنگۆی دێموکراتیکی ئێستا دۆزرایەوە، تا ئێستا زیاتر لە ١٥٠٠ کەس لە خۆرئاوای ئەفریقا گیانیان لەدەست داوە، هەروەك زیاتر لە ٣٠٠٠ هەزار کەس کە زۆربەیان خەڵکی سیرالیۆن و غەنا و لیبیریان، تووشی ئەو ڤایرۆسە بوون.

## بۆ لابردنی زیپکە سیر بەکار بهێنە

زیپکە یەکێکە لەو هۆکارانەی دەبێتە هۆی شێواندنی ڕوخسار و ئەگەر لە کاتی خۆیدا چارەسەر نەکرێت ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە زیپکەکان زیاد ببن و بگاتە ئاستێک کە کۆنترۆڵ کردنی ئاسان نەبێت، بەکارهێنانی سیر ڕێگەیەکی سروشتی کاریگەرە بۆ ئەم مەبەستە.

بۆ بەکارهێنانی سیر بۆ کەمکردنەوە و چارەسەرکردنی زیپکە، بەم شێوەیە ئامادەی بکە:

یەک سیر بە جوانی ورد بکە، بیکەرە ناو نیو پەرداخ ئاوەوە، بۆ ماوەی نیو کاتژمێر ئەم تێکەڵەیە بەجێبهێڵە، پاشان ئەم گیراوەیە بدە لە زیپکەکانت، بۆ ماوەی ١٠ خولەک پێوەی بهێڵەرەوە.

کاریگەری سیر لەم بوارەدا دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی ترشیی سۆلفێنیک (Sulfenic Acid)، ئەم ماددەیە توانای لەنێوبردنی چەندین جۆر بەکتریای هەیە.

پێویستە لە بەکارهێنانی ئەم چارەسەرەدا ئاگاداری ئەوە بین کە هەندێک کەس پێستیان بە شێوەی جیاواز کاردانەوەی بۆ ئەم ماددەیە دەبێت، ئەگەر هەستت بە (برژانەوە) کرد ئەوا دەستبەجێ دەموچاوت بشۆ و ئەم ڕێگەیە بەکار مەهێنە.



## پەلە بکە لە فرۆشتنی ئایفۆنەکەت

ئەگەر تۆی خوێنەر یەکێکیت لە هەوادارانی مۆبایلی جۆری ئایفۆنیت و دەتەوێت نوێترین جۆری ئەو مۆبایلە بەدەست بهێنێت کە وابڕیارە ٩ی مانگی سێپتامبر بخرێتە بازاڕەکانی جیهانەوە، ئەوا پەلە بکە لە فرۆشتنی ئایفۆنە کۆنەکەت پێش ئەوەی نرخەکەی دابەزێت.

یەکێک لە کۆمپانیاکانی کڕین و فرۆشتن بەناوی «غەزال» ڕایگەیاندوە، کە نرخی ئایفۆن بەڕێژەی (٪٢٠) دادەبەزێت لە پێش مانگێک لە دەرچونی جۆرە نوێیەکەی.

هاوکات ئەو کۆمپانیایە ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ کڕینی ئایفۆنی (5S) بە میمۆری (١٦) گێگابایت بەنرخی (٢٩٠) دۆلاری ئەمەریکی لە ڕێگەی سایتەکەیانەوە.



## سێو دڵت دەپارێزێت



سێو یەکێکە لەو میوانەی کە بەهۆی پێکهاتە ناوازەکەیەوە سودێکی زۆر بە جەستە دەگەیێنێت و لە میانەی لێکۆڵینەوەیەکی درێژخایەندا سودێکی دیکەی ئەم میوەیە پشتڕاست کرایەوە، سێو دڵ لە توشبوون بە کۆمەڵێک کێشە دەپارێزێت.

توێژینەوەکە لە وڵاتی چین بەڕێوەچوو و نزیکەی حەوت ساڵی خایاند، لە لایەن توێژەرانی زانکۆی ئۆکسفۆردەوە بەڕێوەچوو.

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، ڕۆژانە خواردنی یەک سێو و نیو ئەگەری توشبوون بە جەڵتەی دڵ بە ڕێژەی ٪٤٠ کەم دەکاتەوە و بە ڕێژەیەکی بەرچاویش ئەگەری توشبوون بە جەڵتەی دەماخیش کەمدەکاتەوە.

هەروەها لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا، توێژەران بە بەردەوامی هۆشداری خواردنی میوە جۆراوجۆرەکانیان بە گشتی دەدا و لەم بارەیەوە (د. ژێنگمین چێن) بە دەیلی مەیلی ڕاگەیاند: «ئەو کەسانەی کێشەی دڵ و پەستانیان هەیە پێویستە بە بەردەوامی میوەی تازە بخۆن».